# لە خاچدانی عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خودای لێبێت) لە نێوان ڕاستی ودەست تێوەرداندا

عمر حمە رشید احمد [١]

[١] بەشی بنەماکانی ئایین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی هەڵەبجە ، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Corresponding author's e-mail: omar.ahmad@uoh.edu.iq

## پوختە:

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە سەلام و ڕەحمەتی خودا لەسەر پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ .

ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەدا دەمانەوێت تیشکی بخەینە سەر گەڕانە بەدوای ئەو ڕاستیەدا ئایا عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خودای لێبێت) لە خاچدراوە یان نا ؟ بۆ ڕونکردنە وەی ئەم بابەتە تەنها پشت بە سەرچاوە سەرەکیەکان دەبەستین، لە (قورئانی پیرۆزو کتابی پیرۆز) و بەراورد یان دەکەین و بابەتیانە لەم ڕوداوە دەکۆڵینەوە بە شێوەیەکی و زانستیانە تا بگەینە ئەو ڕاستیەی ئایا عیسا (سەلامی خودای لێبێت)لەخاچ دراوە یان نا .

خاچ یا لەخاچدان لای خاچپەرستەکان هێمای ڕزگاربون وبەرخودانە، وەخاچ دادەنرێت بەبەردی بناغەی بیرو باوەڕی ئاینی مەسیحیەت ویەکێك لە تایبەت مەندیەتیەکانیەتی، وە هێمای لێخۆشبونە لە لایەن خوداوە بۆ خەڵکی.

ئاینی مەسیحی کە ئاینی زۆربەی خەڵکیە لەم سەردەمەدا، یەکێك لەبیروباوەڕەکانیان ئەوەیە کە دەڵێن عیسا (سەلامی خودای لێبێت) کوڕی خودایەو خودا ناردویەتی بۆ ئەوەی لەخاچ بدرێت وببێتە هۆی سڕینەوەی ئەوگوناهەی کەباوکیان ئادەم کردویەتی لە بەهەشتدا ولەخاچ بدرێت، ئەمە بیروباوەڕی مەسیحیەکانە کەلە ئینجیلدا هاتوە. بەڵام ئەم بیروڕایە لە قورئاندا بە پێچەوانەوە باس دەکرێت، کە عیسا نەکوژراوەو لە خاچ نەدراوە وکوڕی خوداش نیەو بۆ ئەو مەبەستەش نەنێرراوەو لەکاتی هەوڵ دان بۆ گرتن وکوشتني یا لە خاچ دانی خودا عیسای پاراستوە لەدەست ناحەزانی و بەرزی کردوەتەوە بۆ لای خۆی وکەسێکی تر لە بری ئە و لەخاچ دراوە.

**کلیلی وشەکان:** (قورئان ، ئینجیل ، عیسا ، پولس ، خاچ ).

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٥/١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | omar.ahmad@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ د.عمر حمە رشید احمد،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الخلاصة:

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

مانريد أن نشير اليه فى هذا البحث التحري والمتابعة حول حقيقة: (صلب عيسى) عليه السلام. عل صلب حقاً؟ أم لا؟ ولتبيان هذه الحقيقة نعتمد فقط على المصادر الرأيسية من القرآن الكريم والكتاب المقدس، ونقارن فيما بينهم، ونبحث ونحقق من المسألة بموضوعية وحيادية وعلمية، حتى نصل الى حقيقة الأمر. الصلب عند المسيحيين رمز النجاة وواحد من أهم خصائص هذا الدين وهي رمز الآلام والمحن والمغفرة من الله للناس .

والدين المسيحي من الديانات أكثر تداولاً بين الناس في هذا العصر وهو دين أكثرية الناس، من أهم إعتقاداتهم يعتقدون بأن عيسى (عليه السلام) هو ابن الله أرسله الله الى الأرض لكي يصلب ويمحوا الخطيئة التي ارتكبها أبو البشرية آدم (عليه السلام) في الجنة، هذا الإعتقاد المسيحيون الذي أشار اليه في الكتاب المقدس.

ولكن هذا الإعتقاد تحدث عنه القرآن الكريم بخلاف ذلك، بأن عيسى (عليه السلام) لم يصلب ولم يقتل ولم يكن ابن الله ولم أرسله الله لهذا كما يقولون، وقد نجاه الله من أيدي الخائينين ورفعه اليه ولم يصلب ولكن شبه لهم وصلب شخصاً آخر بدلا من عيسى (عليه السلام).

## Abstract

All praise be to Allah, and peace and blessing of Allah e upon prophet Muhammad.

What we want to do in this research is to find out the fact that jesus, the son of mary, was crucified or not? To explain, we only rely on the noble quran and the bible as the main sources. We try to find the truth by comparing and analyzing them in a saientificand detailed way.

The cross or the crucifixion of jesus for the worshipers of cross is a sign of salvation and resistance.

The cross is considered as the foundation and one of the characteristics of Christian beliefs, its also the sign of pain forgiveness from GOD for people.

One of beliefs of Christianity as the religion of the majority of people is that jesus is the son of God and was sent by him to be crucified and thr cause of cleansing of sign committed by his father adam who has been crucified. this is the Christian belief in the bible.

But this belief in the nonle quran is diametrically opposed.

According to the quran, He was neither killed nor crucified He is not the son of God and was not sent for this purpose.

God protected jesus from being captured, crucified and killed.the raised him to hisself and someone else was actually crucified insteand of jesus.

## بەشی یەکەم: بیرو باوەڕی خاچپەرستان لەسەر لە خاچدانی عیسی (سە لامی خودای لێبێت) وبەرپەرچدانەوەیان.

## یەکەم: دەسپێکێک بۆ بیروباوەڕەکانیان:

هەندێك لە بیروباوەڕی مەسیحیەکان سەبارەت بە لەخاچدانی عیسا(سەلامی خودای لێبێت)

خاچ وەك دوو هێلی یەکتر بڕە لە دار یا ئاسن درووست دەکرێت یاخود نەخشێکە هەڵدەکۆڵێت، لەلای مەسیحیەکان ئەو دارەیە کە مسیحی لەسەر لەخاچ درا. الخطیب : ١٩٩١ ، ص٢٩٣. یان وەك هێمایەك بۆ باوەڕ بوون بەوەی کە مەسیح لە خاچ دراوە بە ستەم وستەمکاری. سعید: ١٩٩٠، ل٢٤٠.

بۆ ئەوەی بزانین بۆچی عیسا لە خاچ دەدرێت دەبێت لە هۆکارەکانی بکۆڵینەوە.هۆکاری سەرەکی ئەوەیە: مەسیحیەکان هۆکاری لەخاچدانی عیسیا بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لەخاچدانی دەبێتە هۆی کەفارەت وسڕینەوەو لابردنی گوناهەکانی مرۆڤایەتی بەگشتی لەو تاوانەی کە باوکیان (ئادم) کردی کەبریتی بوو لەخواردنی ئەو درەختەی کەخوای گەورە قەدەغەی کردبوو لێیان لە بەهەشتدا پاشان کەخوارديان خودا لە بەهەشت دەری کردن بۆ سەر زەوی، وەک لەم چەند دەقەی ئینجیلدا ڕون دەبیتەوە.

أ- مەسیحیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن و باوەڕیان وایە کەعیسا(سەلامی خودای لێبێت( لە خاچدراوە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی لێخۆش بوونی خودا لە مرۆڤایەی لەبری ئەوتاوانەی کە باوکیان ئادەم کردویەتی لە بەهەشتدا کە لەدارە قەدەغە کراوەکەی خوارد، سۆزو بەزەی خودا وابوو کە کوڕی خۆی بنێرێت، تا لە تاوانەکانیان خۆشبێت وەك لە ( ئینجیلی: یۆحەنا: ١٩٩١، ٤/٩- ١٠، ل٣٩٨) دا هاتوە:( بهذا أظهرت محبة الله فینا: أن الله قد أرسل ابنە الوحید الی العالم لکي نحیا به، في هذا هي المحبة: لیس أننا نحن أحببنا الله، بل أنه هو أحبنا، وأرسل ابنە کفّارة لخطایانا). )ئە وە بیروباوەڕیانەبەرامبەر لەخاچدانەکە.

ب- لەئینجیلی مەتا دا هاتوە:( ٢٦/٢٧ – ٣٠: ل٦٥) (لەکاتی نانخواردندا عیسا نانێکی هەڵگرت پارچە پارچەی کردو دای بەقوتابیەکانی ووتی بگرن وبخۆن ئەمە لەشی منە، ئینجا جامێکی هەڵگرت سوپاسی خوای کردو وتی هەموو لێی بخۆنەوە چونکە ئەمە خوێنی منە ئەو خوێنەی لە پێناو زۆر کەس دەرژێ بۆ تاوان بەخشین، من لە ئە مرۆ بە دواوە لە بەروبومي مێو ناخۆم تا ئەو ڕۆژە دێت کە سەر لە نوێ لە پادشایەتی باوکم لەگەڵتان دەی خۆمەوە).

ج- وەبیروباوەڕایان وایەکەعیسا(سەلامی خودای لێبێت) لەخاچدراوەو مردوە پاشان دوای سێ ڕۆژ لە گۆڕەکەی هەستاوەتەوەو بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان وەك لەئینجیلی مەتا هاتوە:١٢/٤٠ ، ١٩٩١، ل٢٨ . هەروەها لە ئینجیلی مەتا: ٥٤، ٢٧ ، ١٩٩٩ ، ل٧٢. دەڵێت: عیسا دوای ئەوەی لە خاچدرا گۆڕەکە کرایەوە، زۆر لەبراو خوشکە پیرۆزەکان کە مردبون هەستانەوە لە کۆڕ هاتنە دەرەوە..) چۆن یونس سێ ڕۆژ لە ناو سکي نە هەنگدابوو ئاواش ڕۆڵەی مروڤ سێ ڕۆژ لە ناو زوویدا دەمێنێتەوە ).

د- هەروەها بۆ زیاتر دڵنیابون لەوەی کە لە خاچدراوەوکوژراوە لە ئینجیلی پیرۆز:١٩٩٩، مەتا هاتوە: (٢٠/ ١٩: ل٤٨ ) )کاتێ عسیا بەرەو قودس دەڕۆێ بە قوتابیەکانی وت ئەوا دەڕۆین بۆ قودس لەوێ ڕۆڵەی مرۆڤ دەدرێتە دەست سەرۆك کاهینەکان و بڕیاری مردن بەسەریدا دەدەن ولە خاچیدەدەن. عیسا بە قوتابیەکانی وت من دوای سێ ڕۆژ زیندو دەبمەمەوە(.ئینجیلی پیرۆز: مەتا ،١٩٩٩، ٢٧ /٦٤، ل٧٢.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم هۆکارە سەرەکیانە چەند ڕون کردنەوەیەك دەخەینە ڕوو هەر لە دەقەکانی ئینجیلدا کە پێچەوانەی یەکن و گومان دروست دەکەن بەرامبەر ئەو دەقانەی کە خۆیان بەڕاستی دەزانن. پاشان بە پشت بەستن بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز باسیان دەکەین. چونکە سەرچاوەی هەموو ئاینە ئاسمانیەکان یەک سەرچاوەیەو لەلایەن خودای باڵادەستەوە هاتوون، وە پێغەمبەرانیش هەموو یەک پەیامیان هێناوە بۆ مرۆڤایەتی کە ئەویش خودا بەیەک ناسینە، ناکرێت دژ بەیەک قسە بکەن چونکە ڕێگە پێدراو نین لەلایەن خوداوە، هەرچیان پێوترابێت ئەوەیان گەیاندوە بێ زیادو کەم، بۆیە لەم بابەتە کە گرنگی خۆی هەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندە بەبیروباوەڕو دواڕۆژی مرۆڤەوە، بەگرنگمان زانی بەدوا چون بکەین بۆ بابەتێکی وەها گرنگ کە لەخاچدانی یەکێک لە پێغەمبەرە بەڕێزەکان کە عیسای کوڕی مەریەمە(سەلامی خودای لێبێت)، تاوەکو بگەینە ئەنجامێکی دڵنیاکەر لەو بارەیەوە،چونکە مادەم هەردوو ئاینەکە لای خوداوە هاتون نابێت

جیاوازیان هەبێت، لە ئینجیلدا بڵێت عیسا کوڕی خودایەو لە خاچدراوە، لە قورئانیشدا بفەرموێت خودا منداڵی نیە و عیساخاچ نەدراوەو. بۆیە بە پێویستمان زانی مادەم بابەتێکی ئاینی و چارونوس سازە ئەم بەدواچونەی بۆ بکەین بەتایبەت بە زمانی کوردی کە تائێستا ئەم بابەتە کەمتر باسی لێوە کراوە لە ناو موسوڵماناندا و گفتوگۆی لەسەر نەکراوە،کە زۆر جێگای تێڕامانینە چونکە ئاینی مەسیحی کە ئاینی زۆربەی خەڵکی ئەم سەرزەویەیە چۆن دەکرێت بنەمای ئاینەکەیان لەسەر شتێکی بێبنەما هەڵچنن کە وا نەبێت، بۆ ئەوەی وشیاری ئاینیمان زیاتر بێت وبەراوردکاری بکەین لە نێوان ئاینەکانداو بگەینە ئاینی ڕاست و دروست کە لەلای خودا وەرگیراو بێت، ئێمە بە شێوەیەکی بابەتیانەو زانستی لەبابەتەکە دەکۆڵینەوە، بەسود وەرگرتن لەقورئانی پیرۆزو ئینجیلەکان وسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان کەلەم بارەیەوە نوسراوە، ئەم توێژینەوەیە دەخەینە بەردەست وبەپێی توانا ڕون کردنەوەی خۆمانی لەسەر دەدەین.

**هەندێک سەرنج و تێبینی لە سەر هۆکارەکان:**

-١بۆ ئەبێت بە هۆی گوناهی کەسێکەوە کە سێکی تر سزا بدرێت ئەمە کەی لەگەڵ دادگەری خوادا دەگونجێت، پاشان بۆ خودا کوڕەکەی خۆی لەخاچبدات لە بری خەڵکی، وەئەو گوناهەی ئادەم کردی (سەلامی خودای لێبێت) دەبێتە هۆی نەفرینی خودا لە خەڵکی سەر زەوی، لەگەڵ ئەوەی ئەو گوناهە لە بەهەشت کراوە نەك لەسەر زەوی.. الشرقاوي: ٢٠٠٦، ص٣٣. وە لە الكتاب المقدس: ١٩٩١، حەزقال: ٢٠/١٨: دەڵێت: (ئەوکەسەی تاوانەکە دەکات دەبێت خۆی بمرێت).کەواتە لەخاچدانەکە یەک ناگرێتەوە لە گەڵ دەقەکەی ئینجیلدا. تاوانێك ئادەم کردبێتی نابێت کەسێکی دیکە تاوانەکەی هەڵبگرێت، قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ) (سورەتی النجم: ئایەتی ٣٨ ).کەس تاوانی کەسێکی تر هەڵناگرێت.خۆ خودا زوڵم لەکەس ناکات کەسێك تاوانێکی نەکردبێت ئازاری بدات لە بری کەسێکی تر. ئەوەش لە ئینجیلدا پیرۆزدا هاتوە:١٩٩٩،سفر تثنيه.٢٤/١٦.(دەڵێت باوك بۆ منداڵ ناکوژرێتەوەو منداڵیش بۆ باوك ناکوژرێتەوە). ناکرێت کەسێك تاوانێکی نەکردبێت سزا بدرێت لە بری کەسێکی تر؟هەرکەس لەبارمتەی کردەوەی خۆیدایە. وەک قورئان دەفەرموێت: (كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ) سورە المدثر: ئایەتی ٣٨.

٢ -وەئەو تاوانەی ئادەم کردی هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە نیە نە ئێمە کردومانەو نەلە زەمانی ئێمەدابوەو نەدیومانە، ئیتر بۆ دەبێت ئێمە تاوانەکەی هەڵبگرین، لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانەی ئەو تاوانەیان کرد دوای لێخۆشبونەکە گوناهیان ئەمێنێ یان نا؟ هەروەها ئادەم تاوانەکەی کرد داوای لێخۆشبونی کرد لەخوداو خودایش لێیخۆشبوو. وەك دەفەرموێت: ( وَقُلْنَا يَاآدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ ، فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ ، فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ) البقرة.٣٥-٣٧. واتە: گوتمان ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرەکەت(حەوا) لە بە هەشتدا نیشتە جێ ببن، ولە کوێ حەز دەکەن ڕزق وڕۆزی بەرفراوانی بخۆن بەڵام تەنها نزیکی ئەو درەختە مەکەونەوە، ئەگەر بیخۆن لە ستەمکاران دەبن، ئینجا شەیتان پێیهەڵخەڵەتاندن ولەخشتەی بردن، ئیتر لەو نازو نعمەتەی بەهەشت دەری پەڕاندن، وە ئێمەش پێمان گوتن دەبێ لە بەهەشت دابەزنە خوارەوەو هەندێکیشتان ببنە دوژمنی هەندێکتان وەزەویش هەتا ماوەیەکی دیاریکراو بۆمردنتان نیشتنگەو جێگای ژیان وسوود وەرگرتنتانە، ئادەم لەلایەن پەروەردگاریەوە بە ئیلهام چەند وشەو وتەیەکی پێگەیشت وگوتیان( خودایە ستەممان لە خۆمان کرد ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەسۆز نەبێت لە گەڵمان ئەوا لە خەسارەت مەندان دەبین) خودای گەورەش تۆبەی لێوەرگرتن چونکە خودای گەورە زۆر لێخۆشبوو میهرەبانە. کاکە محمود: ٢٠٢٠، ص١٣.

٣- وەئەوانەی باوەڕیان وایە ئەیانەوێت لەو ڕاجیاییە بێدەنگ بن لە نێوان دادگەری خودا و لێبوردەی خودادا، بۆیە کەوتونەتە ئەو هەڵەوە کە زوڵمیان ڕەوا داوە بۆ خودا کە (خودا زوڵمی لەسەر خۆی حەرام کردوە) لەوەی کە باوکیان ئادەم گوناهی کردوە بەڵام کوڕەکەی باجەکەی دەدات بەبێ ڕازیبونی خۆی، خودا خۆی لە هەموو پەیامە ئاسمانیەکاندا وە لەسەر زاری پێغەمبەرەکانی هەمیشە لێخۆشبونی زۆربوە هەتا تۆڵە لێکردنەوە، بۆچی خۆی ئەو لێخۆشبونە ناکات بەرامبەر ئادەم کەیەك تاوانی کردوە دەبێت خودا تۆڵەی بۆ بکاتەوە بە ناردنی کوڕەکەی خۆی، ئەی بۆ تۆڵەکە لە خۆی ناکاتەوە؟ یادەکرا عیسا بپاڕایەتەوە لە خوداو خوداش پاڕانەوەکەی وەربگرتایەو لەگوناهەکە خۆش ببوایە،

وەدەکرێت بەشێوازێکی تر پاداشتی بدایەتەوە نەك بە کوشتنی کەسێک چونکە کەسێك لەپێناو کەسێکی تردا ناکوژرێتەوە. حماية: ٢٠٠٩، ص٢٦. یا تۆڵەی هەر تاوانێک بە قەد تاوانەکە یاوەک تاوانەکەخۆیەتی.

ئەگەر تۆڵەشی لێکردبێتەوە ئەوە بوو، دەری کرد لە بەهەشت بۆ سەر زەوی، یاتۆڵەی وەها گوناهێک بۆ ئەبێت کوشتن بێت؟خواد خۆی دەفەرموێت ئەگەر تاوانیکتان کرد داوای لێخۆشبون بکە یەکسەر لەخودا خۆی لە هەمو گوناهێک خۆش دەبێت کەس مەکەن بە نیوەند گیری، وەک دەفەرموێت:(قُلْ يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ) تەوبەو گەڕانەوە بۆلای خودا چارەی هەموو تاوانێکە گەر کە سێک تاوانێکی کرد ویستی بگەڕێتەوە بۆلای خودا بەڵام ڕاست بکات لەگەڵ خودادا، بەمەرجێک نەگەڕێتەوە سەری وپەشیمان بێتەوە لەوەی کە کردویەتی ودەست هەڵگرێت لەتاوانەکە خودا لێی وەردەگرێت، لێیخۆش دەبێت.ئەوە بڕیاری خودایە پیویست بە هیچی تر ناکات. هەروەها یونس پێغەمبەر کاتێک گەلەکەی بەجێهیشت خودای گەورە عتابی لێ گرت، ئەویش دانی بەهەڵەکەی خۆیدا ناو داوای لیخۆشبونی کردو خوداش لێیخۆش بوو، بەوشێوەش ئادەم داوای لێخۆش بوونی کردوو خوداش لێیخۆش بوو، ئیتر ئەم هەموو شتە هەڵبەسراوانە نارەوایە کەبەدەم خوداو پێغەمبەرانی خوداوە هەڵبەسراوە. کەواتە گرفتەکە کۆتای هاتوو پەیوەندی دوای ڕوداوەکەوە نیەو خودا لێیان خۆشبوە. ئیتر چ پێویست دەکات دوای چەند هەزار ساڵ لێخۆشبونێکی تر دەربچێت لەلای خوداوە، ئەمە گومان لە بڕیارو وپەیمانی خودا دروست دەکات، بەتایبەت ئەوکەسە بەقسەی ئەوان کوڕی خودایش بێت.

٤- ئەو گوناهەی ئادەم کردی بۆ کوشتن نیە تەنها گوناهێکەو شەیتان هەڵی خەڵەتاندون وسزاکەیان وەرگرت کە دەرکردنیان بوو لە بەهەشت، کەسانێك سەرپێچی فەرمانی خوادەکەن وخەڵك دەکوژن وکوفر بەخواو ئاینیش دەکەن دواجار پەشیان دەبنەوەو دەگەڕێنەوە، خودا لێیان خۆش دەبێت ئەگەربیەوێت، یاهەندێکیان خودا خستونیەتیە دوارۆژو لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکات، نەك لەدنیا کوڕی خۆی بدات بەکوشت وەك ئەوان دەڵێن. ئەمە تەنها لەداهێنانی هاوبەش پەیدا کەرەکانەو شتێکی بێبنەمایەو لە سەردەمی هیچ پێغەمبەرێکدا شتی وانەبوە.

٥- لەنێوان عیساو ئادەمدا (سەلامی خودایان لێبێت) ماوەیەکی زۆر هەیە خوا بۆ هیچی نەکردوە یان نەیزانیوە (پەنا بەخودا) چی بکات وئەم تۆڵەیە بکاتەوە، خودا مرۆڤی بە جێهێشتوە ساڵانێکی زۆر لە خورافات وتاواندا، خۆ عیسا کۆتا پێغەمبەر نەبوە تاکۆتا هەژماری لەگەڵ بکات .محمد(درودی خوای لەسەربێت) کۆتا پێغەمبەرە. ئایا ئەو ماوە زۆرەی کە ئادەم تاوانەکەی کردوە تا لەخاچدانی عیسا مرۆڤایەتی لە تاواندا ژیاوە؟ لەکاتێکدا یەکێک لەو کەسانە تاوانی نەکردوە ومردویشە، ئایا سزا دراوە یاننا لەو ماوەیەدا؟ ئایا ئەوە لەگەڵ دادگەری خودادا دەگونجێت؟ هەتا ئەو پێغەمبەرانەی لەو ماوەیەدا هاتون ئاگایان لەو بەسەرهاتە نەبوەو شوێن کەوتوەکانیشیانی لێ ئاگادار نەکردوەتەوە کە گوناهێکی وایان لەسەرە؟ تاوەک و بزانن هەڵویستیان چیبێت.

٦- ئینجیل دەڵێت عیسا کوڕی خودایە(عیسا دەیوت من ڕۆڵەی خودام)الکتاب المقدس: مەتا : ١٩٩١، ٤٤/٢٧.ل٧٢) یانی لە ڕەگەزی مرۆڤ نیەوخودایە، دەی چۆن لە بری مرۆڤێکی وەك ئادەم کە هەڵەیەکی کردوە خودایەك بکوژرێت، بەتایبەت لای (کاسولیکەکان) عیسا هەم خودایە(اللاهوتية) وە هەم مرۆڤە (الناسوتية)، دوای دەڵێن خودا ئازار نازانێت و ناچێژێت گەر لاهوت نیە ناتوانرێت بوترێت لە خاچ دراوە، ئەبێ بوترێ هەندێک لە عیسا لە خاچ دراوە. حماية: ٢٠٠٩، ص٥٧. لە ئینجیلی یۆحەنا : ١:١٩٩٩/٣،ص٢٠٨، هاتوە پیاوێک ناوی نیقۆدیمۆس بوو هاتە لای عیسا پێی ووت مامۆستا، ئێمە دەزانین تۆ مامۆستایەکی ولای خوداوە هاتویت..) کەواتە عیسا مامۆستاو ڕێنیشاندەرە، نەک بۆ فیداکاری و سرینەوەی گوناهەکان هاتبێت ئەوە شاهیدی ئینجیلە، لەگەڵ وتەکانی خۆیاندا بڕیارەکانیان دژو پێچەوانەی یەکترین.

وەگەر کوڕی خودایە سۆزو بەزەی خودای لەکوێدایە، بۆ کوڕەکەی، کە ئەو لە سزادا بمێنێتەوەو هەڵواسرێت، لەکاتێکدا لەخاچدان لای ئەوان وابوە بۆ سوکایەتی بوە تا خەڵك پەندی لێ وەربگرن، کەسی هەڵواسراو دەمایەوە چەند ڕۆژێک تا باڵندەکان بیخۆن، دوای ئەوە

لاشەکەیان دادەگرت ودەدرا بە ئاژەلە درندەکان. دەی عیسا (سەلامی خودای لێبێت) پێغەمبەرێکی بەرێز بوە، نا بێت نەفرین بکرێت، کوڕی خودا یا خودا چۆن دەبێت نەفرین بکریت، بەپێی کتاب المقدس هەرکەس لە خاچ بدرێت نەفرین لێ کراوە لەلای خودا، دەی چۆن کوڕی خودا نەفرینی لێدەکرێت، کەتاوانەکە ئەو نەی کردوەو ئەو بۆیە هاتوە تا فرمانی خودا جێبەجێ بکات، بە قسەی خۆیان، کە دەڵێت:(واذا كان على انسان خطيئة حقها الموت، فقتل وعلقته على خشبة، فلا تبت جثته على الخشبة، بل تدفنه في ذلك اليوم، لأن المعلق ملعون من الله، فلا تنجس أرضك التي يعطيك الرب الهك نصيبا)الكتاب المقدس: ١٩٩١، ٢٣/٢١، ل٢٠٤. وەیا شێوە یەک بۆ خودا دادەنێن کە عیسا خودا بێت، ئەوەش وەلامێکە بۆ یەهودیەکان، قورئانی پیرۆز دەفەرمەێت لەبارەی خوداوە وێنەی خودا نیە ئیتر ئەم وێنەیە لەکوێوە پەیدا کرا: (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ) سورەتی الشورى: ئایەتی: ١١ .

وە لەئینجیلی پیرۆز:١٩٩٩، یوحنا: ١٦/٣.. هاتوە :( خودا چەندە تورە بوو لەئادەم ئاواش بەبەزەییە، بۆیە ئەو کوڕەی خۆی نارد بۆ ئەوەی لەخاچ بدرێت ولە تاوانەکەیان خۆش بێت). بۆ ئەبێت خودا کوڕی خۆی بنێرێت بۆ لێخۆشبوون، ئایا چەندەها ئامرازو جۆرێ تر نەبو تابەهۆیەوە خودا لەخەڵکەکە خۆشبێت، خۆ خودا دەیتوانی لەتاوانەکان خۆشبێت ئیترئەم نمایشە چیە؟ یا بەپاڕانەوەو خێرێک خودا لێیان خۆش دەبوو ئیتر بۆ دەبێت خوێن برێژرێت کە خراپترین شتەو هەرگیز خودا نایەوێت، وە ئایا ئەو گوناهانەی کەدوای ئەو ڕوداوە دەکرێت لەلایەن نەوەکانیانەوە چی لێ دێت وێ تاوانەکانی هەڵدەگرێت ئەمەش لەگەڵ دادپەروەری خودادا ناگونجێت، کەسی واهەیە هەزاران دەکوژێت و لەژیانیدا بەگوێی خودا ناکات، خودا ئەو نمونەیەی ئادەمیشی بۆگێڕاوەتەوە، ئادەم یەك تاوانی کرد ئەویش خواردنی ئەو درەختەبوو. شلبی: ١٩٨٩، ص١٦٥.

٧- ئەگەر عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لە خاچ دراوە، دەی چۆن هەستایەوەو بوو بەخوداو گەڕایەوە بۆلای خوداو لەڕۆژی دوایدا لەگەڵ خودادا لێپرسینەوە لە خەڵك دەکەن، کەدەبێت مرۆڤ لەژێر خاکدا بمێنێتەوەو برزێت گەر مرۆڤە،کەواتە کوڕی خودانیە ئەگەر کوڕی خودایە، چۆن خودا لەخاچ دەدرێت بەدەستی مرۆڤ، هەر هەموو ئەم واتایانە چاوبەستن وبێنەمان ونادروستن وداپۆشینی گریمانەکانە و ئەمە لەگەڵ کاری خودادا ناگونجێت. سعود: ٢٠٠٤، ص١٥ . یا ئەگەر عیسا خودایە بۆ لە گوناهەکە خۆش نەبوو کۆتای پێ بهاتایە.؟

٨- ئەندێشەو بیرو باوەڕی لەخاچدان لەبری سڕینەوەی تاوانەکان لە مەسیحیەوە نەهاتوە بەڵکو لە بۆ مەسیحیەکان هاوردە کراوە لە گەلانی ترەوە، وەك بتپەرستەکان و یەهودیە کان و ڕۆمانیەکان و هندیەکان، ئەم بیروباوەڕە پێش هاتنی عیسا(سەلامی خودای لێبێت) بەسەدەها ساڵ هەبوە و خراوەتە ناو ئاینی مەسیحیە کانیشەوە. الخطیب: ٢٠٠٩،ص ٣١٨.. ئەم هەموو سوکایەتی کردنە لەلایەن یەهودیەکانەوە بە مەسیحیەکان بۆ چیە؟ کەواتە ئەمە هەمووی چیرۆکی هەڵبەسراوەو هیچ بنەکایەکی نیە. عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لەبیروبۆچونی مەسیحیەکاندا مرۆڤێك نیە کە پەیدا بوبێت بە ڕێگایەکی ئاسای، بەڵکو بە پێکهاتەیەکی تر لەدایک بوە، ئەو کوڕی خودایە هەر لەئەزەلەوە، وەك چۆن باوکی ئەزەلیە وهەربوە، لە نێوان ئەو خودادا جیاوازیەك نیە لەکات وشوێندا. شلبي: ١٩٩٨، ص١٠٣.

## دووەم: لەخاچدانی عیسا و هەوڵی دەستگیرکردنی و کێ لەجیاتی ئەو لەخاچ درا ؟.

عیسا(سەلامی خودای لێبێت) بەردەوام بەبەڵگەو موعجیزەکانی کە بە فەرمانی خودا ئەنجامی دەدان ڕوونکردنەوەی دەدا بۆ خەڵکی وبانگی دەکردن بۆلای خودای تاک وتەنها بۆیە شوێن کەوتوانی بەردەوام زیاد دەبوون، دوژمنەکانیشی وەك پیشەی هەمیشەی زۆرداران کە لەگفتوگۆکاندا سەرکەوتو نابن پلانی کوشتن دادەنێن. یەهودیەکان کەوتنە پیلان گێڕان بۆعیسا لای سەرۆکی کاهنەکان، بڵاویان کردوەوە کە عیسا باج نادات و دەیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست خۆی بۆ جێگرەوەی ئە و ئامادە دەکات، بۆیە کۆبونەوەیەکی بەپەلەی بۆکرا وبڕیار درا کەوا دەستگیر بکرێت ودوای دەبێت بکوژرێت، ئەم هەواڵە گەیشتە عیسا بۆ ئەو مەبەستە هەواڵیدا بەهاوەڵەکانی کەپلانێکی وەهای لەسەرە لەلایەن یەهودیەکانەوەو یەکێکیش لە هاوەڵەکانی خۆی فریودراوەو بەم کارە هەڵدەستێت. عرفات: ٢٠٠٤، ص٧.

لێرە دوو سەرنج جێی پرسیارە:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١-ئایا لەبەر پاشا لە خاچ دەدرێت کە باجی پێنادات، وەک لە ئینجیلدا هاتوە:(هل تدفع الجزیة لقیصر أم لا )(ئینجیلی مەتا : ٢٢ / ١٧ )

٢- یاخود لەبەر فەرمانی خودای بۆ سڕینەوەی تاوانی ئادەم( سەلامی خودای لێبێت) کەلە بە هەشتدا کردویەتی، خودا کوڕی خۆی دەنێرێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی لێخۆشبون؟. لەبەر هەرکامێکیان بێت کێ هەستا بە ئەنجامدانی کارەکە؟

جولەکەکان دەڵێن ئێمە عیسامان کوشتوە، خودا بەدرۆیان دەخاتەوە وەک دەفەرموێت: (وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنْكَ)(المائدة: ١١٠ .واتە ئێمە ئەتپارێزین و دەستی خراپەی بەنی ئیسرائیلیەکانت لێ دور دەخەینەوە.وە بە مەسیحیەکانیش دەڵێت: (وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ.. )نەکوشتویانەو نە لەخاچیانداوە بە ڵکو ئەوەی لەخاچدرا کەسێکی تر بوو خودا شێوەی عیسای خستە سەر ئەوکەسە.

لە ئینجیلی مەرقۆسدا هاتوە: (یەهوزای ئەسخەروتی کە یەکێک بوو لە دوانزە قوتابیەکە ڕۆشتن بۆلای سەرۆکی کاهنەکان هەتا عیسا بدات بەدەستەوە، کاتێک گوێیان لەمەبوو زۆر پێخۆشحاڵ بوون وبەڵێنی ئەوەیان پێدا پارەی بدەنێ، بەم شێوە ئەو دەگەڕا بۆ هەلێك تا عیسا بدات بەدەستەوە). وەك لە ئینجیلی پیرۆزدا هاتوە: مەرقوص:( ١٤/ ١٠ ل١١٤).

هەروەها لە ئینجیلی پیرۆز دا هاتوە: لوقا( ٢٢/ ٦ ، ل١٩١). بەم شێوەیە:(ئەوانیش ئەمەیان زۆر بەدڵ بوو بڕیاریشیاندا هەندێك پارەی بدەنێ ئەویش بەمە ڕازی بوو چاوەڕێی هەلێکی دەکرد تا عیسا بداتە دەستیان، بێ ئەوەی خەڵك پێی بزانێت).

لەئینجیلی بەرنابادا هاتوە (عیسی لەماڵ دەرچوو بۆ باخێك بەمەبەستی نوێژو خواپەرستی، یەهوزا پێیزانی وزانی بۆکوێ دەچێت، ڕۆشت بۆلای سەرۆکی کاهنەکان، وتی ئەوەی پەیمانتان پێداوم ئەمدەنێ ئەمشەو عیساتان بۆ بگرم، وەلامیان دایەوە چەندت دەوێت، وتی سی پارچە ئاڵتون، یەکسەر پارەکەیان پێدا، وەناردیان بەشوێن سوپایەکدا بە کەرەسەی جەنگیەوە بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ پارێزگاری چونکە لە خەڵك وجەماوەر دەترسان لێیان هەستن، کاتێك سوپاکە لەگەڵ یەهوزا چونە جێگاکەوە، عیسا پێی زانین یەکسەر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، کاتێك خودا زانی ترسێك لەسەر بەندەکەی هەیە، فەرمانی کرد بە فریشتەکان کە عیسا بهێنن ورزگاری بکەن، بۆیە هەڵیان گرتوو بردیان بۆ ئاسمانی سێیەم. یەهوزا بەپەلە خۆی کرد بەو ژورەدا کە عیسا تیایدا دەمایەوە، هەموو قوتابیەکانی نوستبون لەوێ، زۆر سەری سوڕما وشتی سەرسوڕهێنەری دی، ووتی کوا مامۆستاکەتان، وتیان ئەی تۆ نیت مامۆستاکەمان، ئێمەت لەبیر چوەتەوە، ئەمەی وتوو سەربازەکان هاتنە ژورەوەو یەهوزایان گرت، چونکە شێوەی عیسای چوبوە سەر، قوتابیەکان دەڵێن کە ئەمەمان بینی هەموو ڕامانکرد، بەم جۆرە عیسا ڕزگاری بوو لەگەڵ یانزە قوتابیەکەی).

هەروەها لەئینجیلی یۆحەنادا هاتوە: (ئەو یەهوزایەی ناپاکی لەگەڵ کرد، ئەوشوێنەی دەزانی، چونکە عیسا زۆر جار تیایدا کۆ دەبووەوە، ئنجا یەهوزا بەرەو ئەوێ چوو، تیپێکی لە سەربازو پاسەوانی پەرستگای لەگەڵ خۆی برد، چراو مەشخەڵ وچەکیان هەڵگرتبوو، عیسا دەیزانی چی بەسەردێ، کە ڕۆشتنە لای عیسا وپرسیاریان لێکرد، تۆ عیسای ناسری ئەویش پێی ووتن: (من ئەوم)ئەو یەهوزایەی کە ناپاکی لەگەڵ کرد لەگەڵیان وەستا بوو، کاتێ پێی وتن من ئەوم گەڕانە دواوەو کەوتن بە زەویدا..ئینجیلی پیرۆز: یوحنا،١٩٩٩ ، ( ١٨ / ١-٧ ).

هەمویان کەوتن بە زەویدا، کەواتە نەیانتوانی هیچ زیانێك بە عیسا بگەیەنن. لە کتاب المقدس: ١٩٩١، ٢٩/٢٣ یۆحەنا هاتوە: لەسەر یەهوذا کە پارەی وەرگرتوە بۆ کوشتنەکە، لەگەڵ ئەوەدا یەهوذا خۆی ئەمین صندوقی عیسا بوەو(اذ کان الصندوق مع الیهوذا) هەموو داراییەکە لە ژێر دەستی ئەودا بوە، چۆن بۆ پارەیەکی کەم ڕۆژی هەتاهەتای خۆی دەبڕێت ،کەلەدوایدا دەڵێت پارەکەشی داونەتەوە؟.

لە ئینجیلی برنابادا شتێکی تر دەڵێت کە یەك ناگرنەوە لەگەڵ ئینجیلەکانی تردا. وەک بەرنابا لەئینجیلەکەیدا دەڵێت: عیسا لە خاچ نەدراوە بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان وەوێنەی ئەوی خستە سەر ناپاکەکە: (لأن الله سیصعدوني من الأرض، وسیغیر منظر الخائن حتی یظنه کل احد إیای)ئینجیلی بەرنابا: ١٥/١١٢، ص١٢٥.

لە ئینجیلی لۆقادا وێنەیەکی ترپیشان دەدات دەڵیت: پاش ئەم ڕوداوە خودا عیسای پاراستوە لە دەستی یەهودیەکان کاتێك ویستویانە زیانی پێبگەیەنن وەك دەڵێت:( لە ئیسرائیل لە سەردەمی ئەلیەشع پێغەمبەر زۆرکەس توشی نەخۆشی گولی هاتبوون، هیچیانی چاك نەکردەوە، تەنها نوعمانی سوری نەبێت، هەموو ئەوانەی لە کەنیشتەکە بوون، کە ئەمەیان بیست هەڵسا، دەریان کردە دەرەوەی شارەکە، بردیانە

قەراخ ئەوچیایەی شارەکەیانی لەسەر دروست کردبوون تاکو لەوێوە فرێی بدەنە خوارەوە، بەڵام ئەو دەرباز بوو لەناویاندا و لەوێ ڕۆیشت (واتە عیسا).ئینجیلی پیرۆز: ١٩٩٩،لوقا:٤(٢٨ - ٢٩ – ٣٠) ل ١٣٥.

له الكتاب المقدس: ئینجیلی یوحنادا هاتوە: ئەوسا بەردیان هەڵگرت تا بەردبارانی بکەن، بەڵام عیسا(سەلامی خودای لێبێت) خۆی شاردەوەو لەبەرستگاکە چوە دەرەوە.کتێبی ئینجیلی پیرۆز: یوحەنا (١٩٩٩) ٨: ٥٩ :ل٢٢٩.

هەروەها لەئینجیلی یۆحەنادا هاتوە: (جارێکی تر ویستیان بیگرن، بەڵام خۆی دەرباز کرد لە دەستیان). ئینجیلي پیرۆز ،١٩٩٩: ٣٩,١٠. ص٢٣٤.

ئبن کەسیر دەڵێت: کەسێك لەهاوەڵانی خۆی بەناوی(سرجس) لەخاچدراو وێنەی عیسای چوە سەر، یاخود دەڵێن ناوی(یودس بن کریایوتا) بوە . ئبن کەسیر: ٢٠٠٢، ص٤٧٢.

هەروەها لەئینجیلدا هاتوە: پاش ئەوەی عیسا(سەلامی خودای لێبێت) ئامۆژگاری شوێن کەوتوانی دەکرد، لەبەرچاویان بەرز بووەوە بۆ ئاسمان، ئنجا هەورێك شاردیەوە لەبەرچاویان. ئینجیلی پیرۆز: أعمال الرسل: ٩/١.ل٢٦٤.

وەک لەسەرچاوەکانی کتێبی پیرۆزەوە دەردەکەوێت جولەکەکان خۆیان کوشتویانە (بەقسەی خۆیان)، پاشان مەسیحیەکانی ڕۆمان ویۆنان کە ڕوداوەکەیان نەبینیوە، دەڵێت ڕۆمانەکان وتیان با هەڵواسرێت بەخاچەکەدا.. الشرقاوی: ٢٠٠٦، ص٨٩. ئایا جولەکەکانی بەنی ئیسرائیل بوون نەفرینیان کرد بەبەرد، یان ڕۆمەکان بوون هەڵیان واسی ئەمانە هەموو جێگای سەرنج وپرسیارە؟

ئە م هەموو ڕاجیاوازیە لە کتێبی پیرۆزدا و ڕای زانایان و شاهدەکان، کە یەکدەنگ نین لەسەر دەستگیر کردنی عیساو کوشتنی وکۆ کوشتی ولە خاچدانی و هەمووی جێگای گومانە، بۆیە خودای گەورە ڕاستیەکە ئاشکرا دەکات لە قورئانی پیرۆزدا کە دەفەرموێت: (وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ) هەروەها هەمویان ڕای جیاوازیان هەیەوگومانیان هەیە دڵنیانین لەکوشتنەکەی وهیچ زانیاریەکیان لەسەری نیەوتەنها شوێن گومان کەوتون، بۆیە خودا بەیەهودی ومەسیحی وهەموو ئەوخەڵکەش کە لەوێ بوون پێیان دەفەرموێت : (وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا).

کەواتەئایا دەکرێت ئاینێك کە ئاینی زۆرێك لە خەڵکی سەر زەوی بێت وبیروباوەڕیان لەسەر گومان هەڵچنن. بەتایبەت ڕوداوێکی وەك لە خاچ دان کە دروشمێکی سەرەکی ئاینەکەیانە؟؟

محمدرشیدرضا لەڕاڤەی ئایەتی: (وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا).النساء١٥٧. دەڵێت ئەوانەی ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لەخاوەن کتابەکان لە گوماندان لە ڕاستی کارەکە واتە لە ڕاڕاو دەڵەڕاوکێدا دەژین، هیچ زانیەریەکیان نیە کە باوەڕپێکراو بێت، تەنها شوێن گومان کەوتون. هەروەها لەڕاڤەی ئایەتی (وما قتلە یقینا) ئەوان خۆشیان باوەڕناکەن کەعیسایان کوشتبێت بەکوشتنێکی ڕاستەقینەی، لەبەر ئەوەی نەیاندەناسی، ئەوەی زیاتر جێگای گومانە سەربازەکان بە هیچ جۆرێك عیسایان نەدیوەو نەیان ناسیوە . رضا: ١٩٩٠،ص٩. نەلە گێرانەوەکان و نە لە دەقەکاندا ئاماژە بەوە ناکرێت کە کێ کوشتویەتی هەمو لە گوماندا دەژین و یەقینیان نیە.

## سێیەم: هەندێك ڕای جیاواز لەئینجیلەکاندا لە سەر لەخاچ دانی عیسا(سەلامی خودای لێبێت) :

هەندێك ڕەخنەو ڕای جیاواز دەخەینە ڕوو کە گومان لە سەر لە خاچ دانەکەدا دروست دەکات:

(جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان هەر چوار ئینجیلەکەدا دەربارەی لە خاچ دانەکە، کە ناتوانرێ کۆ دەنگی لە نێوانیاندا دروست بکرێت).. أبو الخیر، ٢٠١١ ،ص ٥٦٦ . بۆ یە هە مو ئە و شتانە ی لە سەر لە خاچدانی عیسا دە وترێت پشت ڕاست بکریتە وە ، هە ندێك لە وجیاوازیانە:

١-نوسەری ئینجیلەکان کەدەڵێن: (عیسا لە خاچ دراوە لە هەر چوار ئینجیلەکەدا جێگەی سەرنج و ڕەخنە لێگرتنە، لەبەر ئەوەی دوو کەس

لەو چوار نوسەرە کە ئینجیلیان نوسیوەتەوە عیسایان نەدیوەو ئامادەی ڕوداوە کە نەبوون، وە لە قوتابیەکانی ئەویش نەبوون، کەمرقص ولوقایە، لە هەر دادگایەك شاهد بەچاوی خۆی ڕوداوەکە نەبینێت شایەتی لێ وەرناگیرێت). عبدالحفیظ، ٢٠١١، ص٥٦٤. لەکتێبی پیرۆز: ئینجیلی مەرقوص : ١٩٩١، ١٤ /٥٠ هاتوە دەڵێت:( فترکه الجمیع وهربوا). واتە کاتی لەخاچدانەکە کە سی لێ نەماو هەموو هەڵهاتن، ئیتر کێ ئەم شتانەی گێڕاوەتەوە کە هەمویان ڕایان کردبێت ؟.

٢- هەروەها یەکێکی کەلە ڕەخنەکان ئەوەیە دەڵێت مەسیح لەکاتی لەخاچ دانەکەدا دەیوت :( یا أبتا اغفر لهم، لأنهم لایعلمون ماذا یفعلون) ئینجیلي لوقا (١٩٩١):٣٣/٢٣. واتە ئەی باوکە لێیان خۆشبە ئەوان نازانن چی دەکەن. ئەمە لە دوو ئینجیلی تردا نەهاتوە.. هەر چوار ئینجیلەکە بە شێوازێکی جیاواز پاڕانەوەکەی عیسا دەگێڕنەوە، ئەمەش جێی گومانە لە سەر لە خاچدانەکە. کە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لە شەوی لەخاچدانەکەدا نوێژی زۆری کردوو زۆر لەخودا پاڕایەوە کە ڕزگاری بکات لە دوژمنەکانی وزۆریش دەترسا، بەڵام هەر لەخاچ درا، ئایا دەچێتە ژێری کێوە پێغەمبەرێك پاڕانەوەی وەرنەگیرێت وخودا بە هانایەوە نەیەت، یا شتێکی کە داوا بکات بە پێچەوانەی ویستی خودا، وەك دەی وت (إلهي إلهي لماذا ترکتني) ئینجیلی مەتا، ١٩٩٩ : ٢٧/ ٤٦، ل٧٢ . واتەخودایە خودایە بۆ بەجێت هیشتم، وەک گلەی لەخودا بکات.یا کە دەزانێت فرمانی خودایە چۆن لێی رادەکات.

هەروەها لە ئینجیلی پیرۆز، لوقا: ١٩٩١، ٤٦/٢٣، ل١٩٨. هاتوە: (عیسا بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد ئەی باوکە لەسەر دەستی تۆدا گیانی خۆم سپارد، ئەمەی وتوو گیانی سپارد).واتە مردو لەخاچ دراوە. لە ئینجیلی یوحنادا هاتوە:(١٩٩٩):١٩، ٢٨ -٣٠ .(دوای ئەوەی عیسا بینی هەموو شتێ تەواو بوو وتی تینومە لەوێ قاپێ پڕ لەسرکە هەبوو ئیسفەنجێکیان کرد بە سرکەکەداوو بە قامیشێك بەرزیان کردەوە بۆ دەمی کاتێ عیسا دەمی لە سرکەکەدا ووتی (تەواو بوو) ئینجا سەری دانەواندوو گیانی سپارد).ئەم دوو ئینجیلە پێچەوانەی یەکن لەگێڕانەوەکەیاندا.

٣- لە ئینجیلی پیرۆز: ١٩٩٩، مەتا، ٢٣/٢٦ ل٦٥.ولە ئینجیلی لۆقا: ١٩٩٩،٢٢/ ٢١) باسی ئەوکەسە ناکات کە عیسای دا بەدەستەوە، بەڵام لە ئینجیلی مەرقوص ناوی ئەوکەسە دەهێنێت کەعیسای دای بەدەستەوە کە یەهوزای ئیسخریتیە(ئینیلی پیرۆز: ١٩٩٩، ١٩/٣ ،ل٨١) ( ئیسخریت ناوی گوندێکە لە فەلەستین) کە یەکێك بوە لە قوتابیانی عیسا، ئەمە بەڵگەی ناڕاستی ڕوداوەکەیە و پێچەوانەی یەکترن. الخولی، ١٩٩٠،ل٦١.

٤- لە جیاوازیەکی تردا (عیسا سەرزەنشتی یەهوزا دەکات کە داویەتی بەدەستەوەو شوێنەکەی پیشان داون)، تەنها ئەم لۆمەیە لە ئینجیلی لۆقادا هاتوە:( ٢٢ /٤٨) (لەوکاتەی کەعیسا دەدوا چەند پیاوێك بەرەو ڕوی هاتن، یەهوزا کە یەکێك بوو لە قوتابیەکانی پێشیان کەوتبوو، لە عیسا هاتە پێشەوە تاکو ماچی بکات، عیسا پێی ووت: (ئەی یەهوزا بەماچ ڕۆڵەی خەڵك دەدەی بە دەستەوە) لە ئینجیلەکانی تردا ئەمە نەهاتوە ئەمەش گومان دەخاتە سەر لەخاچدانەکە .

٥- سەرەنجامی یەهوزا چی لێهات: لە ئنجیلی مەتا: (٥/٢٧ ) باسی دەکات دەڵێت:(کاتێک یەهوزا ئەوەی کەدابووی بەدەستەوە، بینی کە حوکم بەسەریدا درا، (واتە عیسا) پەشیمان بووەوە، سێ پارچە زیوەکەی بۆ سەورۆك کاهین و پیران گەڕاندەوە، ووتی هەڵەم کرد کاتێ بێ تاوانێکم بەدەستەوەدا، ئینجا یەهوزا پارچە زیوەکانی تورِ داو ڕۆی دوای ئەوە چوو خۆی هەڵواسی وخۆی خنکاند)، لە ئینجیلی لوقا دەڵێت خۆی خنکاندوە بەڵام باسی هۆکارەکەی ناکات بۆ خۆی خنکاند لەکاتێکدا سەرەنجامی یەهوزا زۆر گرنگە چونکە بکەری سەرەکی کارەکەیە، (وتی هەڵەم کرد کە بێتاوانێکم دابەدەستەوە) ئینجیلی پیرۆز: مەتا ٤/٢٦). الخولي:١٩٩٠ ، ص٦١.

لە تەفسیری ئیبن کەسیردا هاتوە ئەوکەسەی شوێنی عیسای نیشان دان کە وێنەکەی کەوتوتە سەر هاوەڵە کە ئیتر ئەوکەسە پەشیمان بویەوەو داوای ئەشیمانی لە خوداکرد، پاشان خۆی خنکاند، واتە یەهوذا. إبن کثیر: ١٩٩٩، ل١٥.

٦- ئینجیلەکان جیاوازن لەسەر شاهیدەکان وژمارەیان وناوەکانیان. هەریەکەو بە چەند جۆرو شێواز دیگێڕنەوە، بۆیە گومانی زیاتر لەسەر ڕوداوەکە دروست دەکات.. الخولی، ١٩٩٠ ،ص٦١.

٧- له سەر برِی پارەکە جیاوازی هەیە کە وەرگێراوە بۆ بەدەستەوەدانی عیسا، لە ئینجیلی مەتا :(١٩٩٩)١٤/٢٦.ل٦٤ )هاتوە(یەکێك لە دوانزە قوتابیەکەی عیسا کە ناوی یەهوزای ئەسخەریوتی بوو ڕۆشت بۆلای سەرۆکی کاهینەکان، ووتی چەندم پێدەدەن تا عیسا بدەم بەستانەوە، ئەوانیش سێ دراوی زیویان بۆ دانا، ئیتر لەوکاتەوە یەهوزا دەگەڕا بۆ هەلێك کەوا عیسا بدا بەدەستەوە). لە چەند شوێنی تردا برِی پارە کە و چۆنیەتی بەدەست دانەوەکە وجیاوازە، کە لە ئینجیلەکانی تردا باسی دەکات هەریەک بە جۆرێک باسی دەکات،وەک لە پێشەوە باسمان کرد.

٨- لەئینجیلی پیرۆزدا هاتوە: مەتا :١٩٩٩، ٢٧:٣٥، ل٧١) (لەوکاتەی سەربازەکان عیسایان بۆ لە خاچدان دەبرد پیاوێکی قەیرەوانیان بینی ناوی شەمعون بوو نا چاریان کرد خاچەکەی عیسا هەڵگرێ، کاتێک گەیشتە ئەوشوێنەی پێی دەوترێت شوێنی کاسەسەر، شەرابی تێکەڵاو بە تاڵاویان دابە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) تا بیخواتەوە کەتامی کرد نەیویست بیخواتەوە، ئنجا کاتێک لە خاچیاندا،کراسەکەیان لەنێو خۆیاندا دابەشکرد..لەگەڵیدا دوو دزیش لە خاچ دران).. ئەمەش لەگەڵ گێڕانەوەکانی کەدا جیاوازن زۆر جیاوازیان هەیە.

٩- بۆ کاتی لەخاچدانەکە ڕای جیاوازیان هەیە: ١- لەکاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆوە تا کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ تاریکای بەسەر هەموو زەویدا هات، لەدەوری کاتژمێر سێدا عیسا(سەلامی خودای لێبێت) بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد(ئیلۆی ئیلۆی لما شەبەقتەنی)واتە خودای من خودای من بۆ وازت لێ هێنام..ئنجا عیسا جارێکی تر هاواری کردوو ڕۆحی سپارد).. ئینجیلی پیرۆز: مەتا (١٩٩٩)٢٧/ ٥١) ل٧٢ . ٢- (کاتێ ئێوارە داهات پیاوێکی دەوڵەمەند ناوی یوسف بوو، یەکێك بوو لە قوتابیەکانی عیسا،چوە لای پیلاتۆس داوای تەرمەکەی عیسای کرد ئیتر پیلاتۆس فەرمانیدا دا تەرمەکەی پێبدەنەوە.یوسف تەرمەکەی هێناو لەگۆڕێکی تازە داناشتی)، ئینجیلی مەتا: ٢٧ /٦٠.ل٧٢ . -٣لە ئینجیلی مەرقوس ٢٥/١٥ دەڵێت کاژێر سێی ڕۆژی هەینی بوو. - ٤لە ئینجیلی یۆحەنا (١٩٩٩)١٩ /١٤ - ١٨ : کاژێر شەشی ڕۆژی هەینی بووە. ٥- وە لە ئینجیلی مرقص: ١٩٩٩، ١٥/٢٩، ل١١٨ ، دا دەڵێت: ئەوکاتەی کە لە خاچیاندا کاژێر نۆی بەیانی بوو. وە دەڵێت: لەکاتی ڕوداوەکەدا کەس لەوێ نەماو هەڵهاتن (مەرقوس:١٤/١٥ ).کەوابێ کێ ڕاستی ڕوداوەکەی گێڕاوەتەوە؟ هەریەکەوکاتێک دەڵێت.٦- لە کتابی پیرۆزیاندا هاتوە کە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) دەڵێت: هەموتان گومانتان هەیە لەو شەوەدا : (کلکم تشکون فی هذه اللیلة) ئینجیلی مەرقوس: (١٩٩١):١٤/ ٢٧ ). هە ندێکیش دەڵێن لەخاچدانەکە لە ڕۆژدا بوە.

کەواتە هەمویان گومانیان هەیە لەو شەوەدا کە ڕوداوەکەی تێدا ڕوداوە. کەواتە ئەوان نەیان دیوەو هەریەکەیان بەجۆرێك باسی دەکەن. وە بەورد بونەوە لە ناوەڕۆکی کتابی پیرۆز زۆر جیاوازی بەدی دەکرێت کە هەریەکیان بە جۆرێك باسی دەکات ئەمەش پێچەوانەی ژێریە .هەر چوار ئینجیلەکە بە جۆرێك باس لە خاچدانەکە دەکات، ئەگەر بنەمایەکی ڕاستی هەبوایە بە یەك جۆر باس دەکرا، وە ئە گەر ئەم ئینجیلە لای خوداوە بوایە ئە وا بە یەک جۆر باس دەکرا، یا مەسیح خۆی بۆی دەگێڕانەوە ئەگەر پێش ڕوداوەکە یا دوای ڕوداوەکە قسەی بکردایە ، کەواتە ئەوان لەوێ نەبوون و تەنها بیستویانە. الخطیب: ٢٠٠٩، ص٣١٨

وە سەرچاوە یەکی سەرەکی نیە کە لە خوداوە بێت هەر یەکەیان لە گۆشە نیگایەکەوە سەیریان کردوەو باسیان کردوە، لە کاتێکدا ڕوداوەکە یەك ڕوداوەو لە یەك کات و شوێندابوە.

-١٠ ئەگەر فەرمانی لەخاچ دان لای خوداوە هاتوە دەبوو عیسا تەسلیم بە فەرمانەکە ببوایە دژایەتی سەربازەکانی نەکردایە بەڵکو هاوکاریان بوایە بۆ ئەوەی لە خاچیان بدایە، دژایەتی ئەوان دژایەتی خودایە، چۆن دەبێت لە مردن ڕابکات وشەڕ بکات لەگەڵیاندا: وەک لە ئینجیلی پیرۆزدا هاتوە:١٩٩٩، لوقا: ٣٥/٢٢. دەڵێت: (بە قوتابیەکانی وت ئەوەی جزدانی پارەی هەیە بابیهێنێت لەگەڵ خۆی، هەروەها ئەوەی تورەکەی هەیە بابیهێنێت لەگەڵ خۆی، ئەوەش شمشێری نیە با جلەکانی بفرۆشێت و بەپارەکەی شمشێرێکی پێبکرێت). کەواتە خۆیان تەسلیم بەفرمانی خودا ناکەن وشەڕ دەکەن وەک کردیان وگوێی یەکێک لە کاهنەگەورەکانیان بریندار کرد. کەواتە ڕازی نین بە کوشتن ولە خاچدان، ئەمە پێچەوانەی فرمانی خودایە. لە شوێنێکی تر لە ئینجیلی لۆقا: ٢٢/ ٢١ ،١٩٩٩ ، ل١٩٢. دەڵێت: (عیسا دەیوت ئەوەی ئەمدا بەدەستەوە ئێستا لەسەر ئەم خوانە لەگەڵمدایە ، قوڕ بەسەر ئەوکەسەی دەیدا بەدەستەوە..) واتە داهاتوو یەکی نادیارو ناخۆش چاوەڕێی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

عیسا دەکات کە پێیان ناخۆشە، کە دەبو بۆ جێبەجێکردنی فرمانی خودا زۆر خۆشحاڵ بوایەو بە ڕوی خۆشەوە بەدەمیەوە بڕۆشتایە.گەر ورد بینەوە لە ئینجیلەکان دەبینین دوو بۆچون دیارە، لەلایەک دەڵێت ڕزگاری بوو دەستیان پێی نەگەیوە، لەلایەتر دەڵێت لە خاچدراوە.

١١- بۆشوێنی هەستانەوەی عیسا دوای لەخاچدانەکە چەند ڕایەکیان هەیە: باوەڕیان وایە لەدوای لەخاچدانەکە مەسیح دوای سێ ڕۆژ هەستاوەتەوە، دواتر دەڵیت دوای شەش ڕۆژ هەستاوەتەوە، بەڵام لە چۆنیەتیەکەیدا هاوڕانین، ئینجیلی مەتا دەڵێ لە شاری جەلیلی فەلەستین سەری هەڵداوە، ئینجیلی لۆقا دەڵێت لە شاری ئورشەلیم سەری هەڵداوە (ئورشە لیم: أور واتە شار: شالم ناوی خودا، شالن خودای ئاشتی، لێرەوە بە بیت المقدس وتراوە شاری ئاشتی، ئەو ناوە نراوە لە بيت المقدس لە فەلەستين. عرموش: احمد راتب: ٢٠٠٧) ل١١٨.

ئینجیلی مەتا دەڵێت: ١٢/٤٠.(عیسا لەخاچدراو بەیانی ڕۆژی هەینی دوای شەش کاتژمێر مرد)، واتە کاتی عەسر نێژرا بەخاک، پێش خۆر ئاوا بون ئەو شەوە لە قەبرەکەیدا مایەوەتا بەیانی شەممە لەگەڵ شەوی یەك شەممە لە بەیانی یەك شەممەدا تەماشایان کرد نەماوە لە قەبرەکەدا، واتە دوو شەوو ڕۆژێك لە قەبردا بوە،

لەئینجیلی مەتادا هاتوە عیسا پێی وتن دوای ئەوەی کەلە خاچ دەدرێت هەڵدەستێتەوە لە شاری جلیلەوە(لە فەلەستین) بۆ ئەوەی ئەوان بێن بۆ بینینی. (ولكن بعد قيامى أسبقكم الى الجليل)ئینجیلی پیرۆز: ١٩٩٩، مەتا، ٣٢/٢٦، هەر لە هەمان ئینجیلدا دەڵێت : عیسا بە قوتابیەکانی وت بێن بۆ جەلیل لەوێ دەمبینن، ئینجیلی پیرۆز:مەتا، ١٩٩٩، ١٠/٢٨،بەڵام لە ئینجیلی لوقادا هاتوە کە لە شاری ئورشەلیم سەری هەڵداوە ئینجیلی پیرۆز لوقا١٩٩٩ :، ٣٦/٢٤ لۆقا. قوتابیەکانی نەچون بۆ جەلیل: ئینجیلی یۆحەنا : ١٨/٢٠. ئەمانە هەموو وتەی جیاوازن لە ئینجیلەکاندا.

وە ئینجیلی برنابادا دەڵێت عیسا لە خاچ نەدراوەو بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان، وە ئەوەی لە خاچ دراوە یەهوزا بوە کە شوێنی عیسای نیشانی یەهودیەکاندا.بە پێچەوانەی هەمو ئینجیلە کانەوەیە. سعادة:١، ٢٠١١/٢١٧ ، ص٢٢٨.

١٢- عیسا کە لەخاچدرا ولەدنیا دەرچو کۆتای هات، لە شوێنێکی کەدا باس لەوە دەکات دوای مردنەکەی جارێکی تر قسەی کردوە لەگەڵ قوتابیەکانی وتویەتی: (بعد أن ظهر المسيح لتلاميذه بشحمه ولحمه وعظمه ناجيا من الصلب والقتل بل زيادة في تأكيد النجاة طلب طعاما وأكل معهم فلما اتكأ معهما أخذ خبزا وبارك وكسر وناولهما) الكتاب المقدس: ١٩٩١ ، لوقا ٢ ٨ /٢٤، دوای مردن و لە خاچ دانەکەی لەگەڵیان نانی خواردوە وتویە ئەو نانە ئێسقانی منە ، ئەوە پێچەوانەی قسەکانی ترە، چۆن گەڕایەوە کەی گەڕایەوە بۆدەگەڕێتەوە، دوای ئەنجامدنی کارەکەی؟. یادەڵێت خۆی ڕادەست کردن بۆ ئەوەی گاڵتەی پێبکەن وە لێیبدەن ولە خاچی بدەن ولەڕۆژی سێیەمدا هەڵسێتەوە، الكتاب المقدس:١٩٩١، مەتا: ١٢:١٧. ئەم کارانە لەگەڵ کاری پڕ حیکمەتی خودادا یەک ناگرنەوەو ژیری وەرناگریت، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەرێکی بۆ بکرێت بە قوربانی وگاڵتەی پێبکرێت.

١٣- لەکاتی لەخاچدانەکەدا عیسا(سەلامی خودای لێبێت) هاواری کرد چەند وتەیەکی وتوە، هەر ئینجیلەو بە شێوەیەک دەیگێڕنەوە.

ئینجیلی مەتا: ٤٥/١٩٩٩،٢٧ ، ل٧٢، دەڵێت: عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد(ئیلۆی ئیلۆی لە ما شبقتنی).

لە ئینجیلی لۆقا دەڵێت: (عیسا هاواری کرد ئەی باوک ڕۆحی خۆم بە تۆ دەسپێرم، ئەمەی وتو ڕۆحی سپارد). ئینجیلی لوقا١٩٩٩، ٢٣ /٤٤ ، ل١٩٨.

لە ئینجیلی یوحنا دەڵێت عیسا بە قوتابیەکانی وت ئێستا ئێوە هەموتان دەڕۆن من هەر خۆم دەمێنمەوە بەڵام من هەر خۆم نیم باوکم لەگەڵ دایە،(وانا لست وحدى لأن الآب معى) وە ئەوان ناتوانن زیانم پێ بگەیەنن.الكتاب المقدس: ١٩٩١، ١٦، ٣١، ل١٨٢.

بەم جۆرە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە ئینجیلەکاندا لەسەر لە خاچ دانی عیسا کە گومان لە خاچ دانەکە دروست دەکات ویەك دەنگ نین لەسەری، کە خۆیان لە ئینجیلەکاندا ڕوداوەکە دەگێڕنەوە، ئەم گومان و جیاوازیە لە گەڵ ئاینی ڕاست و دروستی خودا یەك ناگرێتەوە. ئینجیلی برنابا جیاوازە لەگەڵ ئینجیلەکانی کەدا لەوانی کەدا: ناڵێت عیسا کوڕی خودایە وناڵێت خودایە، هەروەها جیاوازیەکی کەدەڵێت

ئەو كورەی كە ئیبراهیم ویستی بیكاتە قوربانی ئیسماعیل بوو نەك ئیسحاق وەك ئەوەی كە لە تەوراتدا هاتوە كە قوربانیەكە ئیسحاقە كە ئەمەش پێچەوانەی قورئانە، هەروەها دەڵێت ئەوكەسەی كە مژدەی هاتنی پێدراوە محمدە ( درودی خودای لەسەر بێت)، وە دەڵێت كەوا عیسا لە خاچ نەدراوە بەڵكو كەسێكی تر لە شوێنی ئەو لەخاچ درا و شێوەی ئەوی كەوتە سەر، لەزۆر شتی تردا وەك زانایان دەڵێن جیاوازە لە گەڵ ئینجیلەكانی تر.. الشريف: ١٩٨٠ ، ص١٨٧.

ڕۆژ هەڵات ناس مونتجمری وات : دەڵێت ئەوەی لە قورئاندا هاتوە ڕاست ودروستە، ئەوەی دەڵێت عیسا لە خاچ نەدراوە دروستە نەك ئەوەی مەسیحیەكان دەیڵێن، هیچ شایەتیەكی مێژوی نیە لەسەری كە جێی باوەڕ بێت كە عیسا لە خاچ درابێت، ئەو گێڕانەوەی لە ئینجیلدا هاتوە لە خاچ دانەكە پێچەوانەی یەكترن، تا ئەوەی مرۆڤ سەری سوردەمێنیت لەو هەموو جیاوازیە لە ئینجیلدا هەیە كە بنەمای ئاینەكەیانە، ئەگەربنەمای دروستی هەبێت ئەوا وەك یەك دەبون یا لە یەك نزیک دەبون، تەنها لە ئینجیلدا سی و چوار جیاوازی هەیە. الشريف: ١٩٨٠ ، ص١٨٧.

هەمو ئەم ڕا جیاوازیانەو پێچەوانەی یەكترە ئەوەمان پی دەڵێن كە ئەم ئینجیلانە لە لایەن خوداوە نەهاتون و لەلایەن كەسانێكەوە نوسراونەتەوەو دەست كاری كراون لە ماناو گێرانەوەدا. ئەوە سەلماندنی پەیمانی خودایە كە دەفەرموێت: (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ) سورەتی:النساء: ئایەتی: ٨٢. خودای گەورە تەنها پەیمانی پاراستنی قورئانی پیرۆزوی داوەكە بیهێڵێتەوە و دەستی كەسی پێنەگات، وەجیاوازی تیانیە لەبەر ئەوەی لای خوداوە هاتوە، گەر لای خوداوە نەبوایە جیاوازی زۆری تیا دەبوو.

## چوارەم: بەرزكردنەوەی عیسا بۆ ئاسمان لە نێوان ئینجیل وقورئاندا:

تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ ئەم بابەتە پرسیارەكە ئەوەیە: عیسی بەرزكراوەتەوە بۆ ئاسمان بە ڕۆح وجەستە، وەیاخود ماوەتەوە لەسەر زەوی وتامردوە بەمردنێكی ئاسای. زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لەم بارەیەوە، لەناو ئینجیلەكاندا یەك دەنگی نیە، هەروەها زانایانی موسڵمانیش یەک دەنگ نین لەسەر ئەو بیرو ڕایە، ئایا بەڕۆح و بەدەن بەرز كراوەتەوە یا هەر بە ڕۆح بوە.. عرفات: ٢٠٠٤، ص٤٤.

لەئینجیلی مەتا:١٩٩٩، ١٥/٩.ل.١٩. (هاتوە كە عیسا بەرزكراوەتەوە بۆ ئاسمان و نەیانتوانیوە هیچ ئازارێكی پێبگەیەنن و دەستی لێبدەن كەواتە نەكوژراوەو لەخاچ نەدراوە وەک دەڵێت: قوتایەكان پرسیاریان لە عیسا كرد بۆچی ئێمەو فەریسیەكان بەڕۆژو دەبین بەڵام قوتابیەكانت بەڕۆژو نابن، عیسا پێی وتن ئایا خەڵكی لە شایدا شیوەن دەكەن كاتێ زاوا لە نێوانیاندا بێت، بەڵام ڕۆژانێک دێت زاوا بەرز دەكرێتەوە لە نێوانیاندا تامێنێ ئەوسا بە ڕۆژو دەبن..) كەواتە بە قسەی خۆشیان بێت عیسا لە خاچ نەدراوە ئەوە شاهیدی قورئانە.

لە ئینجیلی لوقا دەڵێت:( دوای ٢٤ كاتژمێر دوای لە خاچ دانی عیسا هەستاوەتەوە): ٢٤ / ١.. لە ئینجیلدا (أعمال الرسل):١/ ٢-٩ ل١٢: دەڵێت: (دوای چل ڕۆژ هەستاوەتەوە). گاورەكان دەڵێن عیسا دوای ئەوەی كەلە خاچدرا دوای سێ ڕۆژ هەستاوەتەوە ولە گۆڕەكەیداو نەماوەتەوە، پاشان بەرزكراوەتەوە بۆ ئاسمان، كە ئەو ڕۆژە یەك شەمە بوەو هەموو ساڵێك یادی دەكەنەوە و پێی دەوترێت جەژنی قیامە. پاشان لە دوا ڕۆژدا لەلای ڕاستی خوداوە دادەنیشێت ولێپرسینەوە لە خەڵكی دەكات.

زۆرێك لە مەسیحیەكان لە كۆندا لەخاچ دانیان ڕەد كردوەتەوەو باوەڕیان پێی نەبوە كە نزیك بون لە سەردەمەكەوە دەماودەم گێڕاویانەتەوە، بەڵام دوای ماوەیەك كاڵ بوەتەوەو ئەوەی لە ئینجیلەكاندا نوسراوە بوە بە بیروباوەڕیان، وە هەندێك لە گروپە مەسیحیەكانیش باوەڕیان بەوە نیە بەئێستاشەوە لەوانە: (الباسلیدیونكان – كۆرنسیونەكان – كاربوكرایتونەكان – ماركیونیەكان – باردیسانیەكان - دۆكیەتیەكان– دوسیتیەكان -بولسیەكان). أبو الخير، ٢٠١١، ص٥٦٤. ئەم گروپانە دەڵێن عیسا ڕزگاری بوە لە خاچدان و بەرزكراوەتەوە بۆ ئاسمان و یەكێك لە قوتابیەكانی لە خاچ دراوە. هەروەها كەنیسەی فالتین و سیرانت، دەڵێن (هاو وێنەی عیسا لە خاچ دراوە نەك عیسا، ئەو كتێبانەی ئەم قسانەی تێدابوە هەر زوو سوتێنراون). حماية: ٢٠٠٩، ص٥٩.. ئەو گروپانە هەندێكیان ئەوانی تریان بە گومڕاو سەرلێشێواو دادەنێن و شەڕو كوشتاری زۆر لەنێوانیاندا ڕویداوە یەكتریان كوشتوەو بە ڕەوایشیان زانیوە.

گروپە مەسیحیەكان ڕایان جیاوازە لەسەر هەستانەوەی عیسا كۆمەڵەی یەعقوبیەكان دەڵێن: چەندێك خودا مەیلی بوبێت عیسا لەناوماندا مایەوە دواتر بەرز كراوەتەوە بۆ ئاسمان، نەستوریەكان: دەڵێن: چەندێك خودا ویستی لەناومان مایەوەو دواى بەرزی كردوەتەوە بۆ ئاسمان. الصلابي:٢٠١٩ ، ص٣٢٠.

قورئان بەڕونی دەفەرموێت عیسا نەكوژراوەو لە خاچ نەدراوە بەرز كراوەتەوە بۆ ئاسمان، بەڵام لەبەرزكردنەوەی عیسا زانایانی موسڵمان ڕای جیاوازیان هەیە لەڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا وەلە چۆنیەتی مردنەكەی عیسا ئایا مردوە یابەرز كراوەتەوە بۆ ئاسمان وەك دەفەرموێت: ( إِذْ قَالَ اللَّهُ يَاعِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ ) سورەتی آل عمران: ئایەتی٥٥. ئایا عیسا بەبەدەن و ڕۆح بەرز كراوە تەوە یان بە مردنێكی ئاسای مردوەو هەر بەڕۆح بەرز كراوەتەوە.

سەید قوتب: دەڵێت قورئان بەڕونی باسی ئەو بەرزبونەوەیە ناكات، ئایا بەڕوح و بەدەن بوە یان نا، ئایا كاتێک بوە كە لە ژیاندا بوە، یا بەڕۆح بوە دوای مردن، ئەو مردنە كەی بوەو لە كوێ بوە، قورئان بە درێژی باسی ناكات، دەفەرموێت: (يَاعِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ) من دەت مرێنم و بەرزت دەكەمەوە، ئێمە ناتوانین زیاتر لە مە بڵێین بۆ ئەوەی شتی ئەفسانە نەگێڕینەوە، هەرچی بڵێین بەڵگەمان نیە. سید: ٢٠١٣، ٢٧٩/٢.

## پێنجەم: بیروڕای هەندێک لە زانایان لە سەر لەخاچدانەكە:

ڕای زۆرێك لە زانایانی مەسیحی وئیسلام كەلەو بارەیەوە قسەیان كردوە لەسەر ئەوەن كە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) لە خاچ نەدراوەو شتێكی هەڵبەستراوە ، لەوانە بۆ نمونە:

-زانایانیان و بیر مەندانی مە سیحي لە جهاندا هەستان بە لێكۆڵینە وە یەك لە یینجیلەكان بۆ ئە وەی گومانیان نەمێني لەسەر مردني عیسا، گە شتنە ئەوەی ئەم ئینجیلانە ی ئێستا ئەگەر بیان گێڕینەوە بۆ سەرچاوە ئەسڵیەكان هیچ ئاماژیەكیان تیا نابیني كە مردني عیسا لەسەر خاچ بوبێت. الشیخ : ٢٠٠٦، ص ١٠٤.

- وارنست دی بوش زانای ئەڵمانی دەڵێت: هەر هەموو ئەو شتانەی باسی لە خاچ داني مەسیح دەكات لە هەڵبەستراوەكانی پوڵسە. أبو الخیر:٢٠١١ ، ص٥٦٩. پوڵس: پێشتر یەهودی بوە وە زۆر دوژمنی مەسیحیەكان بوە لە ژیانی مەسیحدا لەساڵی ٣١ زایندا لە دمشق ئەوەی مەسیحی بوایە یا ببوایە بەمەسیحی دەری دەكردوو ئازاری دەدان، دەڵێن بەڕێگاوە ڕۆشتوە دەنگێكی بیستوە وتویەتی بۆ ئازارم دەدەی؟ دوای ئەوەبوە بە مەسیحیی و بوە بەیەكێك لە بانگخوازانی مەسیحیەت ناوی خۆشی گۆڕیوە بۆشاول. عرموش: ٢٠٠٧، ص ١٥٠.

- نوسەر (ئینوک باوک): بەسەرهاتی عیسا لە ئینجیلی ئەسڵدا بونی نیە، وە ئینجیلەكان یەک دەنگ نین وپێچەوانەی یەكترن. منقذ: ١٤٢٤ھ ، ص٣٢.

- زانای ئەڵمانی ارنسدی بوش دەڵێت: ئەو ڕوداوی لەخاچدانە لە هەڵبەسراوەكانی پۆڵسە. منقذ: ١٤٢٤ھ ، ص٣٢.

- زانای ئەڵمانی المسیو أرتست: دەڵێت: هەموو ئەوانەی پەیوەندی بە لەخاچدانەوە هەیە هەمووی پوڵس دایهێناوەو خستویەتیە ناو ئاینی مەسیحیەوە، وەهەموو ئەوانەش كەمەسیحیان نەدیوە بەبێ بەڵگە قسەدەكەن. وە ئەسەرچاوانەش بەوناوەوە قسەدەكەن بجێگای باوەڕ نین.حازم: ٢٠١٥، ص١٢٢.

- احمد دیدات بانگ خوازی هندستانی دەڵێت: )شوێنكەوتوە بەئاگاكانی مەسیحیەت گەشتونەتە ئەو ڕاستیەی كە ئاینی مەسیحیەت لەلایەن پۆڵسەوە دانراوە نەك عیسا(سەلامی خودای لێبێت).بۆنمونە مەسیحیەك ڕخنەدەگرێت دەڵێت چۆن دەبێت كەسێكی وەك محمد كەلەبیابانەكاندا ژیابێت ودوورە لەڕوداوەكە كە لە خاچ دانە بە (٦٠٠) میل وە دوای ڕوداوەكە بە (٦٠٠)ساڵ هاتوە كە بانگەوازی ئەوە دەكات و تەحەدا دەكات كە عیسا لە خاچ نەدراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە لە خۆیەوە ئەم قسە ناكات بەڵكو نیگایەكەو لەلایەن خوداوە هاتوە(. دیدات: ١٩٨٩، ص٣٨.وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى)سورەتی:النجم: ئایەتی ٣.

هەروەها پۆڵس چەند شتێکی تری داهێنا لە ناو مەسیحیەکاندا لەوانە: ١- مەسیحیەت تەنها دینی بەنی ئیسرائیلیەکان نیە بەڵکو دینی هەموو مرۆڤایەتیە.٢- سیانەی(التثلیث)سێ خودای.٣- عیسا کوڕی خودایە دایبەزاندوە بۆ ئەوەی ببێتە جێی سڕینەوەی گوناهی مرۆڤایەتی.

هەروەها لە بارەی هەستانەوەی عیسا دوای لەخاچ دانەکە بە سێ ڕۆژ کە پێی دەوترێت جەژنی قیامە: ڕای جیاواز هەیە لەوانە: ئیبن حزم: دەڵێت: (مردنی عیسا بریتیە لە مردنێکی ئاسای وەك هەموو مرۆڤێك وخودا هەواڵی داوە و هیچ گومانی تێدا نیە..) ابن حزم: . ٢٠٠٥/١٩٠/١

- ئیبن تەیمیە دەڵێت: (هەستانەوەی مەسیح دوای لە خاچدانی ومردنی ئێمە ڕەدی دەکەینەوە، مەسیح نەلەخاچ دراوەو نە ناشتویانە تا هەستابێتەوە). وەرگیراوە لە:الشرقاوی: ٢٠٠٦، ص٣٣ .

- محمدعەبدە:دەڵێت: (مردنەکەی عیسا بریتیە لە مردنێکی ئاسای و نێژراوە هەستانەوە نیە. وەرگیراوە لە: الشریف: ١٩٨٠، ل٢٢٢.

کەواتە زانایان یەك دەنگ نین ئایا هەر بەڕۆح بەرز بوەتەوە یان بە ڕۆ ح و بەدەن.

لێرەوە دەگەینە ئەوئەنجامەی بیروباوەڕی لەخاچدان بیروباوەڕێکی شەخس پەرستیە وەك هندۆسیەکان، هەروەك هندۆسەکان باوەڕیان وایە کرشنا لە خاچدراوە (کرشنا : یەکێك بوە لە یەکێك لەگەورە کاهنەکانی یەهودیەت سالی (٤٨٠٠) پ. ز. وەك فەیلەسوفێك هەموو ژیانی تەرخان کردوە ۆ خزمەت خەڵکی و ڕێنمای کردنیان ، بەڵام دوای مردنی شوێن کە وتوانی ڕێنماییەکانی ئەویان زۆر بەرێزەوە دەڕوانی هەتا پەیوەستیان کرد بە خوداوە دەیان پەرست) . الجهني: ٢٠٠٣،٢ /٧٥٤. وەبوزیەکان دەڵێن بوزا کوری خودایە وە مەسیحیەکان دەڵێن عیسا (سەلامی خوای لێبێت) کوڕی خوایە.. الشریف، ١٩٨٠، ص٢٢٢.

وەك لە سەرچاوەکانی کتابی پیرۆزەوە بۆمان دەرکەوت کە خۆیان یەك دەنگ نین لەسەر چۆنیەتی لەخاچدانەکە، هەریەك بە جۆرێك دەیگێڕێتەوە، پاشان لەخاچ دانەکە بوە یان نا ئەوە دەبێت ئنجیلە ئەسڵەکە ڕونی بکاتەوە کە ئەویش دیار نیە چونکە ئەو ئینجیلانەی لەبەر دەستدان دەستکاری کراون، ئەو ئینجیلەی کە هەندێك ڕاستی تێدایە ئنجیلی بەرنابایە کە بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەدوێت ئەوانیش دان بە ئینجیلی بەرنابادا نانێن، ئەوەی ڕاست بێت تەنها قوئان ڕوداوەکە یەکلا دەکاتەوە کە ئینجیل لای خوداوە هاتوەو قورئانیش کە کۆتا پەیامی خودایە هەر لای ئەوەوە هاتوە پێمان دەڵێت عیسا لە خاچ نەدراوە.

وە پێغەمبەری ئیسلام) درودی خودای لەسەر بێت)کاتێك ئەم پەیامەی بۆ هاتوە تێیدا باسی ئەوە دەکات کە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لە خاچ نەدراوە چ قازانجێکی لەمەدا هەبوە نەخێر ئەو تەنها پەیامێك بوەو ڕایگەیاندوەو گەورەترین تەحەدای کردوەو وموعجیزەیەکی خوداییە ئەگینا چۆنی زانی کە عیسا لەخاچ نەدراوە گەر لای خوداوە نەبێت، گەر وانە بوایە ئەوا بە درۆیان دەخستەوە، خودای گەورە ڕازی نەبو ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم سەری ببڕێت بەرانێکی نارد لەجیاتی ئەو سەر بڕا ،دەی چۆن ڕازی دەبێت پێغەمبەرێکی گەورە وەک عیسا هەڵواسرێت و لەخاچ بدرێت. الشریف، ١٩٨٠، ص٢٢٠.

نوسەری ئیسلامی محمد قوتب:دەڵێت: موسڵمانان لە قورئانەوە تێدەگەن کە عیسا لە خاچ نەدراوە . الشریف، ١٩٨٠، ص٢٢٠

جورجی زەیدان کە ڕۆژهەلاتناسی مەسیحیە: دەڵێت: خوایەك نەتوانێت خۆی بپارێزێت چۆن دەتوانێت جگە لە خۆی بپارێزێت.

برفیسور بورتن ماك دەڵێت: هیچ گومانێکم نیە ئەم بەسەرهاتە هەڵبەسراوەو بێبنەمایە.وەرگیراوە لە: الشریف، ١٩٨٠، ص٢٢٠.

## بەشی دوەم: بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام لەسەر لەخاچدانی عیسا (سەلامی خودای لێبێت).

گەر لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بڕوانینە بەسەرهاتی لە خاچدانی عیسا وسەیری قورئانی پیرۆز بکەین بەڕونی باسی ئەو بەسەرهاتە دەکات بۆمان. وەک موسڵمانان باوەڕمان وایە کە قورئان کۆتا پەیامی خودایە بۆ مرۆڤایەتی وباوەڕمان پێیەتی وەك چۆن باوەڕمان بەتەورات وئینجیل وسەرجەم پەیامە ئاسمانیەکانی تر هەیە، هەرکەسەش باوەڕی وانەبێت ئەوە باوەڕی بە هیچکام لە پەیامەکانی تر نیە، چونکە بەشاهیدی قورئان لە کتێبی یەهودو نەسرانیەکاندا هاتوە کە مژدەی هاتنی پێغەمبەر محمد (درودی خودای لەسەر بێت) دراوە و هەموو


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پێغەمبەران لە یەك سەرچاوەوە هاتون وبرای یەکن. کاتێك سەرنج لە قورئانی پیرۆز دەدەین بۆ بەرپەرچدانەوەی لە خاچدەران چەند بەڵگەیەك باس دەكات: لەوانە:

یەکەم: خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەبارەی لەخاچدانی عیساوە دەفەرموێت:

( فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِمْ بِآيَاتِ اللَّهِ وَقَتْلِهِمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ، وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَى مَرْيَمَ بُهْتَانًا عَظِيمًا ، وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا ، بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ، وَإِنْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا ، فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ كَثِيرًا ، وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا )النساء: (١٥٥- ١٦١ ).

واتە: یەهودیەکان لەبەر ئەوەی کە پەیمانیان تێکداو دەستیان دایەکوفرو بێ ئیمانی بە ئایەتەکانی خوداو، لەبەر ئەوە کە پێغەمبەرانی وەك (زەکەریا)و (یەحیایان) بە ناحەق کوشت وهەروەها لەبەر قسە ناڕەواکانیان کە ئەیانوت دڵمان پڕو لێوانە لە زانیاری و پێویستمان بە ئامۆژگاری پێغەمبەران نیە، کەچی درۆیان دەکرد هیچیان نەئەزانیو خودا دڵی مۆر کردبون و کەمێکیان نەبێ لێیان موسڵمان نەئەبوو، لەبەر ئەمە هەمووی خودا غەزەبو نەفرینی لێ گرتن و تۆڵەی لێکردنەوە، هەروەها خودا غەزەبی لێگرتن چونکە ئیمانیان بە عیسا پێغەمبەر نەهێناو بوختانێکی گەورەیان بۆ مەریەمی دایکی عیسا هەڵبەست، هەروەها ئەیانوت ئێمە عیسای کوڕی مەریەممان کوشتوەکە پێغەمبەری خودا بووە، نەخێر نەیانکوشتو نەشیان کرد بە داردا، بەڵکو کارەکەیان لێ گۆڕاو سەریان لێ تێك چوو، یەکێکی تر بوو کوژرا کە خودا ڕەنگی عیسایدا بە سەریداو بەویان زانی و کوشتیان، ئەوانەی کە جیاوازیان هەیە لەکارەکەداو هەر یەکێکیان بە جۆرێ باسی دەکات، گومانێکی تەواویان هەیەو دڵنیا نین و زانیاری ڕاستە قینەیان نیە دەربارەی ودوای گومان کەوتون وبە یەقین نازانن کوشتویانە، بەڕاستی نەیان کوشتوە،خودا پایەی بەرزی دایەو بەرزی کردووە بۆ ئەو شوێن وپایەیەی خۆی بۆی دیاری کردووەو هەرخۆشی ئەزانێ، خودا توانایەو کارەکانی پڕ لەحیکمەتن. مدرس: ٢٠١٠، ل١٠٤.

تە نها لەم ئایەتەپیرۆزەدا خودای گەورە چەندین ناپاکی و لاساری یەهودیەکان باس دەکات وە خودای گەورە بەدرۆیان دەخاتەوە بەتایبەت لە ڕوداوی لەخاچدانەکەداکە عیسا لە خاچنەدراوە: لەوانە:

١-پەیمان شکێنی: (فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ).

٢- بوهتانیان هەڵبەست بۆ مەریەم کە داوێن پیسی کردوە: (وَقَوْلِهِمْ عَلَى مَرْيَمَ بُهْتَانًا ).

٣- کوفربە ئایەتەکانی خودا: (وَكُفْرِهِمْ بِآيَاتِ اللَّهِ ).

٤- کوشتنی پێغەمبەران: (وَقَتْلِهِمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ).

٥- درۆکردن وەك: ( وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ ).

ئیمامی تەبەری لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: ئەوەی کەکوژرا یەکێکی تر بوو خودا وێنەی عیسای خستە سەری و هەڵواسرا، وەخودا یەهودیەکان بە درۆ دەخاتەوە و خودا عیسای بەرز کردووە و وێنەی ئەوی خستە سە ر کەسێکی ترو بە درۆیان دەخاتەوە. الطبری: ٢٠٠٠، ص٦/٤٥٤. ئیمامی تەبەری وهەموو زانایانی تەفسیر بێ جیاوازی یەك دەنگن جونکە ئەوە فەرمودەی خودای باڵایە.

ئیمامی ماوردی لە (حسن، قتادە، مجاهد، وهب، السدی) دەگێڕێتەوە کە وێنەی عیسا چوەتە سەرکەسێکی ترو کوژراوە..الماوردی: ساڵی لە سەر نیە، ل٥٤٣. ئبن کەسیر: لە تە فسیری ئەم ئایە تەدا دەفەرموێت خودا وێنەی عیسای خستە سەر کەسێکی تر وکوشتیان، دوای هەمویان گومانیان هەبوکە عیسا کوژرابێت. إبن کثیر: ١٩٩٩، ٢/٤٤٩.

ئیمامی قورتوبی دەفەرموێت: کوژراوەکە عسیا نەبو دوای هەمویان گومانیان بۆ دروست بو ڕای جیاوازکەوتە نێوانیان. القرطبی: ٩/١٩٦٤،٦.

سید قوتب دەڵێت: (ولكن شبه لهم) :کاتێك سەیری ئینجیلەکان دەکەیت خوێنەر ناتوانێت بگاتە ئەنجامێك کە دڵنیا کەربێت، لەهەر

یەکێکاندا گێڕانەوەیەکی جیا هەیە. سید، ٢٠١٣، ٢٧٢/٢.

عزی کوڕی عبدالسلام: دەڵێت :ولکن شبه لهم:( واتە شێوەی عیسا چوە سەر کەسێکی تر وکوشتیان). عزالدين: ١٩٩٦، ٣٦٤/١.

کەواتە (شبه لهم) واتەکارەکەیان لێ تێکەڵاو بووە، لە ئینجیلەکانداو بەڕاستەو خۆ دانی پیادا نانێن کە عیسا لە خاچ درا بێت چونکە نازانن ئەو بو یان نا، بەڵێ کەسیک لە خاچدرا بەڵام کێ بووە؟.

٦- گومان ودڵنیا نەبوون ورای جیاواز: (وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا )گومانیان هەبوو کە کێیان کوشتوە وەدەڵێن ئەم گومانە لای زۆربەی خەڵك ونەزانەکانیان بووە، یا دەوترێت دلنیا نەبون کە کوژراوەکە عیسایە. الطبري: ٢٠٠٠،ل٦/٤٥٤ .

کەواتە گومانیان هەیەو کارەکە جێی گومانە، دەڵێن کەسێک بەناوی یەهوذا بو یا دەڵێن ناوی سرجس بو یا دەڵێن ناوی طیطانوس بو یا دەڵێن قوتابیەکی خۆی بوو نەناسراوبوو کوژرا. تەنها قورئان ئەوەی یەکلا کردوەتەوە کە عیسا لە خاچ نەدراوە وێنەی ئەو چوەتە سەر کەسیکی ترو وایان زانی ئەوە.

ئیمامی شەوکانی دەڵێت: لەبەر ئەوەی عیسایان نەدەناسی گومانیا هەیە و هەندێکیان دەیان وت ئەو بوە هەندێکیان گومانیان هەبوو، یا دەڵێن بەشە مرۆییەکەی هەڵواسراوەو بەشە خواییەکەی بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان. الشوکانی: ١٩٩٠، ٢٤٢/٢.

لەکاتی لە خاچ دانەکەدا گومانیان هەبوە کە ئەو بێت بۆیە سەرۆکی کاهنەکان دەڵێن بە کەسە گیراوەکە سوێندت دەدەم بە خودا ئایا تۆ مەسیحی کوڕی خودای؟کەواتە نەیان ناسیوەتەوە، جائەگەر کوری خودایە بۆ لە خاچی دەدەن، یا بۆ خودا خۆی پێتان ناڵیت کە ئەوە ئەگەر ئیوە فرمانی خودا جیبەجێ دەکەن، یا عیسا بۆ خۆی نایێ بە لێ ئەوم، وەک هاتوە لە:الكتاب المقدس: ١٩٩١، متى: (فقام رئيس الكهنة وقال له أما تجيب بشيء وأما يسوع فقد كان ساكتا ، فأجاب رئيس الكهنة وقال له أستحلفك بالله الحي أن تقول لنا هل أنت المسيح ابن الله )الكتاب المقدس: ١٩٩١ ، مەتا. ٦ ٤ /٢ ٦.

ئیبن کەسیر لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (هەمویان لە گوماندان لە کوشتن و هەڵواسینی عیسا لەگومڕای وسەر لێشێواوی دان دەڵێت: بەبەرچاوی هاوەڵەکانیەوە لەماڵەکە هاتە دەرەوە، پێش هاتنەدەرەوەی وتی بە هاوەڵانی کێ ئامادەیە وێنەی من بخرێتەسەر ئەو بکوژرێ لەبری من لە بەهەشتدا هاوەڵی من دەبێت، کەسێك کە بە تەمەندترینیان بوو وتی من ، پاشان ئەو کەسە هەڵواسرا).هەروەها نەسرانیەکانیش گومانیان هەیە کە هەڵواسرابێت و کوژرابێت. إبن كثير: ١٩٩٩، ص ١٥٠.

٧- (بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ) خودای بەرزی کردوە تە وە بۆلای خۆی واتە نە یانتوانیوە لە خاچی بدەن.

٨- (وَإِنْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا). واتە کاتی عیسا لە ئاسمان دێتە خوارەوە گشت خاوەن کتێبەکان بەر لە مەرگی عیسا باوەڕی پێدێنن. واتە بەرزکراوە تەوە بۆ ئاسمان ولە خاچ نەدراوە. إبن كثير:١٩٩٩، ٤٥٢/٢.

٩- (وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا) وە لە ڕۆژی دوایدا دەبێتە شاهید لە سەریان کە ئەو پەیامەکەی خوداي بەتەواوی پێگە یاندون کە ئەو بەندی خودای تاك وتە نیایە نەک کوڕی خودا.

١٠- (فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ) واتە لە بەر ئە وستەموم و ناهە قیەی جولەکەکان کردیان چەندین شتی حەڵاڵو ڕەوامان لە سەر قەدەغە کردن.

١١- (وَبِصَدِّهِمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ كَثِيرًا) وە لەبەر ئەوە ش کە زۆر کەسیان لە لە ڕێگەی خودا وەرگە ڕان وە ڕێیان لێگرتن .

١٢- (وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ) وە لەبەر سوو خواردنیان کە ڕێ لە خواردنی گیرابوو.

١٣- (وَأَكْلِهِمْ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ)لە بەرخواردنی ماڵی خەڵك بەناحەق.

١٤- (وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا) ئیمە ش بۆ کافرە کانیان سزای سە ختمان ئامادە کردوە. کاکە محمود: ٢٠٢٠، ل٢٠٤.

هەر لەناو خاچ پەرستاندا ڕا جیاوازی هەیە لەوانە: ئەو گروپانەی کە باوەڕیان پێنەکردوە زیاتر لە پانزە گروپن، بەڵام لەخەڵك شاردراوەتەوەوە

بەزۆر سەپێنراوە بەسەر خەڵکدا، بەڵام بەردەوام ئینکاریان کردوە: وەك (جون فتون) کەڕاڤەی مەتای کردوە دەڵێت:( تائفەی غەنوسیەکەلە چاخی دوو ژیاون دەڵێن کەسێك بەناوی (سمعان قەیرەوانی) لەخاچ دراوە نەك عیسا). واتە عیسا لە خاچ نەدراوە. قورئان دەفەرموێت نەیان کوشتوە، ئەگەر ئینجیل لەلای خوداوەیە وە قورئانیش بێگومان لەلای خوداوەیە هەردوکیان گوفتاری خودان کەواتە یەکێکیان ڕاستە خودا دوو قسەی جیا ناکات.کەواتە قورئان کە کۆتا پەیامی خودایە ڕاستەو ئەوان بە درۆ دەخاتەوە، یادەوترێت کە سێک بەناوی (باراباس) لە خاچ درا، وەڕاهبێک بەناوی (ئەسقف یوحنا بن حاکم قبرص) ئینکاری ڕوداوەکەی کردوە لە سەردەمی خۆیدا.دیدات:١٩٨٩ ،ص٦.

دووەم: لەدیارترین خاڵی جیاوازی نێوان ئاینی ئیسلام وئاینی مەسیحیەکان مەسەلەی لە خاچدانی عیسایە، قورئان زۆر بەڕونی وئاشکرا دەڵێت عیسیا لە خاچ نەدراوە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (وَمَكَرُوا وَمَكَرَ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ ، إِذْ قَالَ اللَّهُ يَاعِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ) آل عمران:٥٥.

واتە: ئەو جولەکانەی کەعیسا هەستی بە کوفریان کرد دەستیان دایە فرو فێڵ و یەکێکیان دیاری کرد عیسا بکوژێ، خودای گەورەش بەرامبەری ئەوە سەری لێ تێکدان و شێوەی عیسای خستە سەر ئەو کەسەو کەسەکە خۆی کوژاو عیسا بەرز کرایەوە بۆ ئەو پایەی کە خودا بۆی دانا بوو، خودا زۆر توانایەو چاکترین تۆڵەسێن و بەدەسەلاتە، خودا فەرمووی ئەی عیسای کوڕی مەریەم من ئەجەلی تۆ دوائەخەم بۆ کاتێکی دیاری کراو لە کوشتنی ئەوان ئەتپارێزم، یا من لە زەوی وەرتئەگرم وبەرزت دەکەمەوە یا لە ئارەزوی نەفس پاکت دەکەمەوە من بەرزت دەکەمەوە بۆ شوێنی فریشتەکانم، یا پاکت دەکەمەوە لە بەدی کافران، وە وا دەکەم لە پەیرەوانت دەسەڵاتی وایان ئەدەمێ کە هەمیشەو تا قیامەت بەسەر کافراندا زاڵ وسەرکەوتووبن، پاش ئەوە سەرەنجامی ئێوەو ئەوانیش بۆ لای منەوە ئەو کاتە من خۆم حوکم دەدەم لە نێوانیاندا لەو شتانەی جیاوازیان تێدایە. مدرس :٢٠١٠، ل ٥٧.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا چوار پەیمانی خودای تیادایە بۆ عیسای کەدەبێت بێتەدی، ونائومێدیەکی تیایە بۆ یەهودیەکان کەناتوانن دەستیان بگاتە عیسی کە پیغەمبەری خودایە، دەفەرموێت ١- من دەتمرێنم، ٢- وە بەرزت دەکەمەوەو، ٣- وەپاککەرەوەی تۆم لەوانەی کە بێباوەڕبوون، ٤- وەپەیڕوانی تۆ بەرز دەکمەوە بەسەر بێ باوەڕندا تارۆژی دوای.ئیتر هەرشتێکی تر بەناوی خواو پێغەمبەری خوداوە عیسا بوترێت شتێکی بێبنەمایە. الصلابي: ٢٠١٩، ص٣٢٢.

سێیەم: مەسیحیەکان دەڵێن عیسا کوڕی خودایە: (وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ) التوبة: ٣٠. وەلەسەر زمانی عیسا بوهتان دەکەن ودەڵێن: ئینجیلی مەتا :١٩٩٩، ٢٧ / ٤٣، ل٧٢. عیسا وتبێتی:(من ڕۆڵەی خودام).

چەندەها ئایەتی تر ئاماژە بەوە دەدەن کە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) نەخودایەو نەکوڕی خودایە و تەنها پێغەمبەرێکە وەك پێغەمبەرانی دیکە وەك دەفەرموێت : ( مَا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ كَانَا يَأْكُلَانِ الطَّعَامَ انْظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الْآيَاتِ ثُمَّ انْظُرْ أَنَّى يُؤْفَكُونَ) سورەتی:المائدة: ئایەتی:٧٥.

واتە: مەسیحی کوڕی مەریەم تەنها پێغەمبەرێکەو پێش ئەو پێغەمبەران هاتونو ڕۆشتون وە دایکی ئەو ڕاستکارو ڕاستگۆ بوە عیساو مەریەم هەردوکیان خواردنیان دەخوارد چونکە مرۆڤ بون نەك خودا . خورەم دڵ: ٢٠١٥، ل ١٥٠.

خودای گەورە دەفەرموێت: (وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا ، لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا ، تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنْشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا ، أَنْ دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا ، وَمَا يَنْبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا ) سورەتی:مریم: ئایەتی:(٨٨- ٩٢).. واتە: دەڵێن خودای میهرەبان منداڵی هەیە، بەڕاستی شتێکی زۆر ناحەزو ناشرین دەڵێن، نزیکە لەبەر ئەو قسەیە ئاسمانەکان هەپرون هەپرون بن زەوی شەق ببات لەت لەت ببێت وە کێوەکان وردو خاش ببن، بەهۆی ئەوەی منداڵ بۆ خودا دادەنێن لە خودا ناوەشێتەوە کە منداڵی هەبێت.. خورەم دڵ، ٢٠١٥ ، ل١٥٠.

هەروەها دەفەرموێت: (وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا... ) سورەتی الإسراء: ئایەتی:١١١. واتە سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە منداڵی

بۆ خۆی بڕیار نەداوە، ئەگەر خودا منداڵی هەبێت واتە خودا نیە سیفەتی خودایەتی نامێنێ ئەمە پێچەوانەی هەموو پەیامە ئاینیەکانە، ئەوە هەرە شەیە لە خاچپەرستەکان ئەم قسەیان لە کوێوە هێناوە ئەبو عەلای مەعەری لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت: سەرسوڕدەمێنێت لە مەسیحیەکان دەڵێن خودا کوڕی هەیەو لەخاچ درا.. وەرگیراوە:الشريف: ٢٠١٩ ، ص ٢٢٠.

ئەگەر مەسیح کوڕی خودایە بە فەرمانی خودا هاتوە بۆ ئەوەی بکوژرێت و ببێتە هۆی سڕینەوەی گوناهی هەموو خەڵکی جیهان، بۆ پشتگیری لە خۆی دەکات وخۆی ڕادەستیان ناکات دەچێت دەپاڕێتەوەو نوێژ دەکات ئەیەوێ دەرباز بێت لێیان. أفندي: ،٢٠١٠ ، ص١١٣ .

چوارەم: مەسیحیەکان دەڵێن لەخاچدانی مەسیح بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و بەزەی خودایە، بەڵام کام دادپەروەری وبەزەی کەکەسێك لەخاچبدرێت کە هیچ گوناهێکی نەکردوە وکەسانێک ڕزگاریان ببێت کە تاوانبارن. لەلای خودا هەرکەس لەبارمتەی کردەوەی خۆیدایە. وەک قورئان دەفەرموێت: (كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ) سوره المدثر: ئایەتی ٣٨. .وە ئەگەر مەسیح کوڕی خودایە ئەی سۆزی باوکایەتی لەکوێدایە، وە هەڵواسینی کەسێك یەکێکە بە سوکایەتی کردن بەو کەسە بۆ عبرەت دەی خودا چۆن ڕازی دەبێت کوڕەکەی سوکایەتی پێبکرێت، ئایا کەس بەوە ڕازی دەبێت، ئەمە ویژدانی کێ پێی ڕازیە؟.. وە ئەو هێزە کامەیە کە تۆڵەکەی بۆ بکرێتەوە ڕازی بێت تا خودا کوڕی خۆی بۆ بکاتە قوربانی بۆ ڕازیبونی ئەولایەنە،لەکاتێکدا کە لە کتابی پیرۆزدا هاتوە:( باوك ناكوژرێت لەبری كوڕ وە كوڕ ناكوژرێت لە بری باوك، هەموو كەسێك بەهۆی گوناهی خۆی دەكوژرێتەوە). ئینجیلی پیرۆز: سفر تثنية (١٩٩٩): ١٦/٢٤.

پێنجەم: وە قسەیەکی بێبنەمای تر بەرامبەر خودای گەورە دەکەن کە چەند خودایەکی تر لەگەڵ خودادا بڕیار دەدەن، وەخودای گەورەش وەڵامیان دەداتەوەو بەدرۆیان دەخاتەوە وەك دەفەرموێت: (لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ) المائدة:٧٣. واتە:بێگومان ئەوانەی دەڵێن سێهەمین خودای سێ خودایە بێ باوەڕن وەهیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خودای هەموو جیهان. خورەم دڵ، ٢٠١٥، ل ١٥٠.

کەواتە بە هیچ جۆرێك عیسا نەکوژراوەو لە خاچ نەدراوەو نە یەکێکە لە سێ خوداکە، ئەمە ڕاستیەکە ئەبێت باوەڕمان پێی هە بێت چونکە لە لایەن خواوە هاتوە.. واتە کوفرو درۆیان کرد عیسا یەکێك نیە لە سێ خودا، خودا یەکەو تاك و تەنهایە، خودای گەورە هەڕەشەیان لێدەکات ئەگەر کۆتای بەوقسانەیان نەهێنن دوچاری عەزابی سەخت دەبنەوە. وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ) سورەتی المائدة:ئایەتی: ٧٣ .

عیسا یەکتاپەرستە وهاتوە بۆ ئەوەی خودا بەتاکو تەنها بپەرسترێت نەك وەك هاوبەش پەیداکەران دەڵێن، خودای گەورە دەفەرموێت:( إِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ) آل عمران:٥١. عیسا دەیوت تەنها خودای گەورە بپەرستن کە خودای من و ئێوەشە منیش هەر ئەو خودا دەپەرستم بەڵام بەگوێیان نەکرد، وە خودا گەورەش بەدرۆیان دەخاتەوە، وەك دەفەرموێت: (لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَابَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ) )المائدة: ٧٢. واتە: بێ گومان ئەوانەی دەڵێن مەسیحی کوڕی مەریەم خودایە بێ باوەڕ بوون ، مەسیح پێی وتن بەنی ئیسرائیلیەکان ئەو خودایە بپەرستن کە خودای من و ئێوە شەو پەروەردگاری جهانیانە ئەوەش هاوبەش بۆ خودا دابنێ خودا بە هەشتی لێ حەرام دەکات.. مدرس: ٢٠١٠، ل١٢٠.

بیروباوەڕی التثليث (سیانەی) دەڵێن: (باوك –كوڕ- ڕوح والقودوس) سێ کەسن یەکیان گرتوە، دەڵێن ئایا ئەو سیانە پشت بەیەکتر دەبەستن وە پێویستیان بەیەك هەیە؟ وەئایا هەریەکێکیان فەرمانێکی هەیەو ئەوی تریان ناتوانێت پێی هەستێت، گەر وابێت ئەوانە خودا نین چونکە خودا یەکەو پشت بە جگە لە خۆی نابەستێت گەر وابێ مانای وایە خودایەکە نەنگی تێدایەو ئەمەش لەگەڵ خوایەتیدا ناگونجێ، هەریەك لەوسیانە ناتەواون بەیەکەوە خودایەکی تەواو پێك دەهێنن ئەمەش لەگەڵ خودایەکی تاکو تەنهادا ناگونجێ..

ئەم هەموو ئاماژانە ئەوەمان پێدەڵێن کە عیسی مرۆڤەو پێغەمبەری خودایەو بانگەوازی کردوە بۆلای خودا پەرستی بەتاك وتەنها وبێ هاوبەش دانان بۆ خودا، تەنها ئەمە تێگەشتنە لەگەڵ ژیری مرۆڤدا دەگونجێ، بە پێچەوانەی ئەوەی کەنیسە بانگەشەی بۆ دەکات. سعود: ٢٠٠٤، ص١٧٠.

شەشەم: قورئان باس لەوە دەكات كە عیسا لە خاچنەدراوەو لەژیاندا ماوەو تا پیر بوە: وەک خودای گەورە دەفەرموێت: (وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ الصَّالِحِينَ)آل عمران:٤٦. كەئەو نەكوژراوە وەك چۆن لەلانكدا قسەی كرد لە پیریشدا قسەدەكات واتە بەپیری مردوەو نەكوژراوە ولە خاچنەدراوە.(زانایان دەڵێن پیری لە سێ ساڵیەوە دەست پێدەكات) پاشان سەرچاوەكان باس لەسە رجەم ژیانی عیسا ناكات دوای لە خاچدانەكە، ئایا لەكوێ ماوەتەوە یان چۆن ژیاوە، هەندێك باس لە ژیانی هەیە، بەڵام جێگای باوەڕ نیە.وەك سەید قوتب دەڵێت: (مێژوو بێدەنگە لەو مێژوە). سید، ٢٠١٣، ٢٧٨/٢.

یەكێك لە موعجیزەكانی قورئان ئەوەیە دوای زیات لە (٦٠٠)ساڵ دەفەرموێت عیسا (سەلامی خودای لێبێت) لەخاچ نەدراوە، وەزۆرێك لەوانەی كەلەوسەردەمەدا ژیاون دانیان بەوەدا ناوە كەعیسا لەخاچ نەدراوە بەڵام لەبەر زۆرداری دەسەڵات نەیان توانیوە ڕاستیەكە باس بكەن بۆیە ڕوداوەكە بە لارێدا براوە .

حەوتەم: خودای گەورە باسی عیسادەكات كە تەنها پێغەمبەرە ونێرراوە بۆ بەنی ئیسرائیل: وەك دەفەرموێت:(مَا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ)المائدة ٧٥.واتە:مەسیحی كوڕی مەریەم تەنها پێغەمبەرە (نە خودایە ونەكوڕی خودایە). بەڵام لە ئینجیلی مەتا :١٩٩٩، ٢٧ / ٤٣، ل٧٢. دەڵێت لە سەر زمانی عیسا (من ڕۆڵەی خودام).

لەئینجیلی مەتا: ٤٠ / ١٠. لە ئینجیلی لۆقا٤٣/٤ یۆحە نا: ٣٤ /٤. خۆیان دان بەوەدا دەنێن كە عیسا نێرراوی خودایە، بەڵام بۆ بوو بە خوداو كوڕی خودا، مەریەم خودای ببێت وە خۆشی گۆشی بكات، هەموو ئەمانە لە ئەنجامی تێنەگەیشتنیان ودەسكاری كردنی ئاینەكەیان وشێواندی لەخەڵكی بوو، هەتا بوە هۆی خەشمی خودا لێیان.

ئەو ئینجیلەی كە لەبەردەستدایە ئینجیلە ئەسڵیەكەیە نیە ون كراوەو بە پێی خواستی خۆیان دوای چەند سەدە نوسراوەتەوە، ئینجیل بۆ عیسا هاتوە كە خۆی لە ژیاندا بوە خۆ دوای خۆی نەهاتوەتە خوارەوە كە باسی مرنی دەكات وباسی دوای خۆی دەكات بەتایبەت ئەو شتە ناڕەوایانە كەدەوترێت لەسەری وەک لەخاچدان، لە ئینجیلە ئەسڵەكەدا نەهاتوە كە كەلامی خودایە عیسا كوری خودابێت ولە خاچ بدرێت. بۆیە خودا هەڕەشەیان لێدەكات كە شتێک بڵێن كە خودا نەیوتبێت وەک دەفەرمویت: (وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنْجِيلِ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فِيهِ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ) المائدة: ٤٧. لەزۆر شوێنی ئینجیلدا هاو پێچەوانەی یەكتر هەیە ویەک ناگرنەوە، ئینجیلی بەرنابا لەزۆر شتدا پێچەوانەیە لەگەڵ هەرچوار ئینجیلەكەدا، وە هەمویان بەتەواوی پێچەوانەی قورئانن كە گومان لەقورئاندا نیە، قورئان ڕون و ئاشكرایەو تەنها یەک قورئان هەیە. حماية: ٢٠٠٩، ص٣٠.

هەروەها لە ئینجیلی یۆحەنا لەسەر زمانی عیسا دەڵێت: (من ناتوانم لە خۆمەوە هیچ بكەم ..خواستی خۆم ناهێنمەدی، بەڵكو خواستی ئەوەی كە ناردومی دێنمە دی. ئینجیلی پیرۆز: یوحنا: ١٩٩٩ ، ٥ /٣٠. كە واتە عیسا بەندەی خودایەو لەژێر فەرمانی خودادایە، هەرچی خودا بیەوێت دەیكات، نەک خۆی خودابێت وبەویستی خۆی هەموو شتێک بكات. وەئەگەر خودا بێت ئەو چەند ڕۆژەی كە لەژێر خاكدابوو یا بە خاچەكەوە بوو، كێ كاروباری ئەم جیهانەی دەبرد بەڕێوە، یابەناتەواوی دەڕۆی بەڕێوە. كەواتە ئەو خودا نیە چونكە خودا نامرێت گەر بمرێت ئەوە كەموكوریە لەخودادا ، ئەوەش لە خوداوە دورە.

لە ئینجیلدا هاتوە عیسا دەیوت من ڕۆڵەی خودام: كتێبی پیرۆز :١٩٩٩ ، ٤٤/٢٧.ل٧٢. عیسا هەرگیز ناڵێت من كوری خودام و نەیوتوە. ئەمانە دروست كراون بەدەمی عیساوە (سەلامی خودای لێ بێت).

ئنجیلی بەرنابا ئەو ئینجیلەیە كە هەندێك لەڕاستی تێدایە بۆیە لای مەسیحیەكان گرنگی پێنادرێت وتەنها چوار ئینجیلەكە ڕاستەو باوەڕپێكراون لایان، ئنجیلی بەرنابا پێچەوانەی ئەو چوار ئینجیلەیە، لەكاتێكدا ئەوچوار ئینجیلە لەكۆتای سەدەی دوەمی زاینیەوە نوسراوتەوە. فائز: ١٩٩٤، ص١٠٣.

هەشتەم: خودا بۆ خۆی عیسای پاراستوە لە دەست جولەكەكان وە خودا بەدرۆیان دەخاتەوە كە عیسا كوژرابێت.وەك دەفەرموێت: (وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنْكَ)سورەتی المائدة: ئایەتی:١١٠.واتە: بەرگری نەوەكانی ئیسرائیلم كرد لێت بتكوژن.ئەوە فەرمانی خودایە كە عیسیا

دەپارێزێت ودەستی کەسی پێناگات تا زیانی پێ بگەیەنن. کێ لەخودا باڵادەسترە؟ ئیتر ئەو قسەیە لەکوێ دێن کە عیسایان کوشتبێت.

نۆیەم: هێنانە دنیای عیسیا بەبێباوك موعجیزەیەکی خودابوو بۆ تاقی کردنەوەی مرۆڤەکان کە خودای گەورە توانای هەیە بەبێ باوك مرۆڤ بەدی بهێنێت وەك دەفەرموێت: ( إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ).آل عمران: ٥٩.بێ گومان وێنەی بە دنیا هێنانی عیسا بۆخودا وەك بەدیهێنانی ئادەمە (بە بێ باوك)، خودا ئادەمی لە لەخاك دروست کرد لەپاشا پێی گوت ببە جا فەرموی بوو. بەڵام هەر زوو جولەکەکان باوەڕیان پێنەکردو پاشان هەوڵی کوشتنیان داو پاشان شوێن کەوتواتی پاشخۆی کردیانە کوڕی خودا بەهەڵە.

دەیەم: ئەگەر بوترێت کوژراوەکە عیسایە وکوڕی خودایە کەواتە مەریەم خودای بووەو کورەکەی خودابوە، وەگەر دەڵێن مرۆڤە کەواتە مەریەم مرۆڤ بووەو خودانیە ومرۆڤە، کواتە لە هەرگریمانەیەکیاندا وتەکانیان بێبنەمایەو باسی لەخاچدان بێبنەمایەو سەرچاوە ئاسمانی پشتڕاستی ناکەنەوە هەروەها باسی قیامەی عیسا وهەموو واتاکانی تریان ناڕاستەو دروست نین. الشرقي: ١٩٨٩، ص٣٩٥.

کەواتە ئەو مەبەستەی کەپێغەمبەرایەتی وبەئاگاهێنانەوەی بەنی ئیسرائیلیەکان بو نەهاتە دی وخەڵکانێك دەستیان خستە ناوکاری خوداوەو پەکیان خست، بەڵام گومانی تێدا نیە کە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) پەیامی خۆی گەیاندو بە فەرمانی خوداو خەڵکەکە تاقی کرانەوەو بە باوەڕ پێبونی وباوەڕ پێنەبونی وبۆ ئێستاش کە خودای گەورە بەرزی کردوەتەوە بۆ ئاسمان هەر جێگای تاقیکردنەوەیە بۆ مرۆڤایەتی، ئێمە ی موسڵمان باوەڕمان بە هەموو ئایەتەکانی قورئان وبەپێغەمبەرانی هەیە وجیاوازی ناکەین لەنێوان پێغەمبەراندا وەك دەفەرموێت:( لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ) سورەتی البقرة: ئایەتی:٢٨٥.

بەڵام جولەکەکان پێچەوانەی فەرمانی خودا دەوەستنەوەو دەڵێن ئێمە کوشتومانە. وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:( انا قتلنا) ئایا هیچ کەس دان بە شتێکدا دەنێت لەسەر شتێك کە نەیکردبێت، ئەمە دژایەتی کەلامی خودایەوە .

یانزە: ئایا بەڵگە چیە کە خودای گەورە کوڕی خۆی ناردوە ببێتە قوربانی خەڵك؟ وە ئایا خودا چەند مناڵی هەیە، وە چەند جار ئەو ڕوداوە دوبارە بوەتەوە؟ بۆ هەر تاوانێك فیداکارێك دەنێرێت؟ ئەمانەو شتی تریش کۆمەڵە پرسیارێکن کە وەڵامیان نیە و بێبنەمان. وەڵامەکەیان لای ئاینی مەسیحی دەست ناکەوێت. تەنها خودا خۆی دەفەرموێت: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ، اللَّهُ الصَّمَدُ ، لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ ) خودا تاك و تەنهایە و هاوەڵ و هاوبەشی نیە، بێ نیازە لە هەموو شتێک،کەسی لێنەبەو وەلە کەسیش نەبوە، وەهەرگیز هیچ کەسێک هاوشێوەو هاوتای نیە..

دوانزە: چەندها سەرپێچی وا بوە لە مێژوودا بۆ خودا کوڕی خۆی نەناردوە بۆ چارەسەرکردنی ، خۆ شەیتان بە ئاشکرا سەرپێچی خودای کرد و لە بەهەشت دەرکرا، گەر خودا بیویستایە کارێکی بۆ دەکرد، ئەو شتانە دەوترێت دورن لە زانست وحکمەتی خودای میهرەبانەوە, وەئەوەی کە ئادەم کردی لە بەهەشتدابوە نەك لەدنیا وەبە نیەتی سەرپێچی خودا نەیکردوەو لەبیری چووەو هەڵیان خەڵەتاندوەو داوای لێخۆشبوونی کردوو خوداش لێی خۆش بوو وەك دەفەرموێت:( وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا) سورەتی:طه: ئایەتی: ١١٥.

سیانزە: هەروەك لە ئینجیلدا هاتوە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) ڕازی نەبوە بەو لەخاچدانە دەی چۆن دەبێت سەرپێچی فەرمانی خودا یا باوکی بکات لە کاتێکدا ئەو پێغەمبەرەو کەسێکی ئاسایی نیە، وە زۆریش پاڕاوەتەوە لەخودا کە ڕزگاری بکات لە دوژمنەکانی وبەردەوام بوە لە پاڕانەوە تادوا کاتەکانی ژیانی وەك لە (ئینجیلی مەتا لە ٣٦ - ٤٤)هاتوە. ئینجیلی مورقوص ١٤ /٣٢ - ٣٩)کە پێشتر باسمان کرد. ئەمە لەکاتێکدا عیساو قوتابیەکانی پێیان ناخۆشبوو بەم لەخاچدانە لەکاتێکدا بەهۆی ئەم لەخاچدانەوە خودا لە هەموو جیهان خۆش دەبێت وعیساش دەگەڕێتەوە بۆلای باوکی، یاخودایەتیەکەی وکۆتای بە هەموو ناهەمواری و ئێش وئازارەکان دێت، وەك لە ئینجیلی لوقادا هاتوە(عیسا بە دەنگی بەرز هاواری کردو وتی: ئەی باوك ڕۆحی خۆم بە تۆ دەسپێرم، ئەمەی وتو ڕۆحی سپارد، کاتێ ئەوکەسەی لەوێدابوو ئەمەی بینی ستایشی خودای کردو وتی بەڕاستی ئەوکابرایەکی بێ تاوان بوو).ئینجیلی لۆقا: ٤٨/٢٣) لە ئینجیلی مەرقوسدا هاتوە دەڵێت:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(کاتێ بەرامبەری ڕاوەستابوو بینی چۆن عیسا ڕۆحی سپارد ووتی: بە ڕاستی ئەم مرۆڤە ڕۆڵەی خودا بوو).ئینجیلی پیرۆز: مەرقوس، ١٩٩٩، ٤٠/١٥.

چوارده: مەسیحیەکان باوەڕیان وایە ئەگەر مەسیح لە خاچ نەدرایە ئەوا مرۆڤایەتی بەگشتی لە قەرزار باریدا دەژیا لەبەر ئەوە لە خاچدانی مەسیح بەزەی خودایە بە مرۆڤایەتی کەکوڕی خۆی لەو پێناوەدا کردوەتە قوربانی، دوای بەرزکردنەوەیشی بۆ ئاسمان لەلای ڕاستی خوداوە لەڕۆی دوایدا دادەنیشێ و پێشوازی لە خەڵکی دەکات بۆ لێپرسینەوە.. الخطیب: ٢٠٠٩، ص٣٢٩. ئەمە زۆر قسەیەکی نارەوایە بەرامبەر بە خودا دەوترێت، خەڵکانێک لە دایک ببن دوای هەزاران ساڵ بە گوناهەوە لە دایک ببن، ئەمەیان لە کوێوە هیناوەو چۆن لەگەڵ دادگەری خودادا دەگونجێت؟.

پانزە: گومانی تێدا نیە بۆ ئێمەی موسڵمان کە قورئان لای خوداوە هاتوە وبە ئەمانەتەوە گەشتوەتە دەست ئێمە:: (لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ). وەگومانی تێدا نیە کە عیسا (سەلامی خودای لێبێت) پێغەمبەری خودایەو ئینجیلی بۆ ڕەوانەکراوە، بەڵام ئەم ئینجیلەی ئێستا دەستکاری کراوە وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ ) سورەتی البقرة:ئایەتی: ٧٩. واتە: هاوار بەحاڵی ئەوکەسانەی کەبەدەستەکانی خۆیان کتێب دەنوسن دوای دەڵێن ئەوە لەلای خوداوە هاتوە. وەخودا دەفەرموێت بەجولەکەکان: (قُلْ فَأْتُوا بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) سورەتی :آل عمران: ئایەتی٩٣: . خودا دەفەرموێت ئەگەر ڕاست دەکەن تەوارت بێنن بۆ ڕاستی قسەکانتان وە بیخوێننەوە. کەناتوانن بیهێنن بۆ سەلماندنی بەڵگەکانیان، بەڵام خودا خۆی دەیزانێ کە درۆ دەکەن و لەخاچ نەدراوە و تەحەدایان دەکات، ئەمە لای ئێمە جێگای دڵنیاییە کە عیسا لە خاچ نەدراوە وەك خودا دەفەرموێت (وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا) النساء: ١٢٢. ئەمە ئەو ڕاستیە دەردەخات کە تەورات گۆڕاوەو شتی تری تیا دانراوە لەجیاتی ڕاستیەکەی و ئەصڵەکە نەماوە وەك خودای گەورە دەفەرموێ.: (مِنَ الَّذِينَ هَادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ) لەکاتێکدا کە ئینجیل تەواوکەری تەوراتە، خودا لەخاچدانی تیایاندا بڕیار نەداوە. سورەتی:النساء: ئایەتی: ٩٤.

شانزە: ئەم هەڵواسین و لەخاچدانە بە چ شەریعەتێک کراوە، لە شەریعەتی مەسیحیەکاندا چونکە ئێشتا عیسا پەیامەکەی تەواو نەبووەو نەیگەیاندوەو ئینجیل دوای عیسا نوسراوەتەوە، ئەگەر بە ئینجیلی ئەسڵی نوسراوەتەوە خۆ ئەوان باوەڕیان پێی نەبوە، گەر باوەڕیشیان پێی هەبوو بێت خودا هەرگیز کاری واناکات ولەگەڵ دادی خودایدا ناگونجێت، وەلە شەریعەتی موسادا نیە کە یەکێك وەك ئەوحاڵەتەی عیسا (سەلامی خودای لێبێت) کەلە خاچ بدرێت دەبێت ڕەجم بکرێت وەهەڵواسینی تیادا نیە بە زیندوی، دەبێت ڕەجم کراو بە مردووی هەڵواسرێت نەك بەزیندووی، وەئەگەر بە شەریعەتی یۆنانیەکان کردبێتیان لەخاچدان لەوکاتانەدا بۆ بەندەو کارە ناشرینەکان بوە، . أفندی: ٢٠١٠، ص١١٣. هەروەها لە سفر التثنیەدا هاتوە: (ئەگەر کەسێك تاوانێکی کردو سزاکەی مردن بێت بە هەڵواسین یا بەکوشتن، دەبێ لەو ڕۆژەدا بنێژرێت لەبەر ئەوەی ئەوەی هەڵواسراوە بەر نەفرینی خوداکەوتوە) الکتاب المقدس: ١٩٩١: سفر التثنیة:٢٢/٢١. چونکەحکمەت لە خاچدان بۆ ئەوەیە خەڵک ببینێ و پەندی لێوەرگرێت. بەڵام ئەوان دەڵێن هەر ئەو ڕۆژە نێژراوە، کەواتە بە کام شەریعەت عیسا لەخاچدراوە؟

مەسیحیەکان سەرەنجامێکی ناهەموارو ناساز بۆ ئاین وپێغەمبەرەکەیان وخوداکەیان بڕیاردەدەن بەرق وتۆڵەوخوێن ڕشتن ومانەوەی بە نادیاری وگومان دروست کردن بۆ هەتاهەتایە، وە یەکەم مرۆڤ کە ئادەمی باوکمانە تێوە دەگلێنن بە ڕوداوەکەوە، وە دەست لەکاری خودا وەردەدەن ودوارۆژی ڕوناك لە هەموو خەڵکی جیهان دەشێوێنن. النجار: ١٩٣٦، ص١٥. وەیەهودیەکان بەگشتی ئەم ڕوداوە بەڕاست نازانن کەئەوان عیسایان کوشتبێت وبە گاڵتە پێکردنەوە سەیری دەگەن. فائز: ١٩٩٤، ص١٠٣.

دوای ئەو سەرنج و تیبینیان ئەوە دەردەکەوێت کە ئاینی ئیسلام بە هەموو جۆرێك لە خاچدانی عیسا ڕەد دەکاتەوەو لە خاچ نەدراوە بەڵکو کەسێکی تر لە خاچ دراوە لە جێگای عیسا (سەلامی خودای لێبێت).

حەڤدە: وتەی هەندێك لە زاناکان لەسەر لەخاچدانی عیسا :

- ئەحمد دیدات دەڵێت: (مەسیحیەکان زیاتر لە هەزار ساڵ یەهودیەکانیان دەکوشت وئازار دەدران لەبری ئەوەی تۆڵەیان لێبکەنەو دوژمنایەتیان دەکردن، لەکاتێکدا لەخاچدانەکەی مەسیح شتێگی بێبنەمایەو ڕوی نەداوە، ئەبوو دەست خۆشیان لێ بکردنایە کەبونەتە هۆی لیخۆشبونی گوناهەکانیان وهەستاون بەکوشتنی عیسا، ئەگەر نەیانکوشتایەو بیان شاردایەتەوەو نەکوژرایە ئەوا بەو گوناهەوە دەمانەوە هەتاهەتایە. وەدەبو سوپاسسیان بکەن کە فرمانی خودایان جێبەجێ هیناوەو بەدەم داخوازی خودا چوون، نەک ڕقیان لێبان بێت و دوژمنایەتیان بکەن).دیدات: ١٩٨٩،ص١٠.

هەروەها دەڵێت: ئەگەر مەسیحیەکان باوەڕیان هەبێت کە قورئان لەلایەن خوداوەیە کە قورئان دەفەرموێت مەسیح لەخاچ نەدراوە ئەوا هە مووکێشەکان چارەسەر دەبن. دیدات: ١٩٨٩، ص٣٤.

- ئیبن قەیم دەڵێت: چۆن دەبێت کە سانێك کە خوداکە یان بە خاچێکدا هە ڵواسرابێت دوای برۆنە وە بۆلای خاچەکە و بە ڕێزەوە سە یری بکەن، ئە بوایە هەرچی خاچە بیان سوتاندایە. وەرگیراوە:ضیاء: ٢٠٠٣، ص٢٩٢.

- محمد مەتوەلی شەعراوی: دەڵێت: خاچ پەرستان دەڵین عیسا کوژراوەو لەخاچ دراوە باچارەسەر لە قورئان بدۆزنەوە کە دەفەرموێت نەلە خاچ دراوەو نەکوژراوە.وەرگیراوە. حماية: ٢٠٠٩، ص٣١.

- الدوكيتيون دەڵێت: مەسیح لەخاچ نەدراوە ئەوەی لە خاچ دراوە هاوشێوەی ئەو بوە.کۆمەڵێك لە نەوەکانی کاهنەکانی تیمە خۆپارێزەکان کە مەسیحیین دەڵێن عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لە خاچ نەدراوە بەڵکو بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان. الزين: ٢٠٠٣ ، ص٢٢٢.

- پروفیسۆر (فنك) دامە زرێنەری نەدوەی عیسا دەڵێت: یەکەم شتێك کە گومان لە سە ر خاچ داني عیسا دروست دەکات ئە وەیە کۆ دەنگی لە سە ر نیەو دوا بڕیار نیە لە سەری بۆیە زۆر بە ی کارەکاني وەک هە ڵواسین و لەخا چ دان لە خەیاڵات دەچن ، شتێکی نە شیاوە ئە وە بدریتە پاڵ عیسا بە هە مو جۆرێك. الزين: ٢٠٠٣ ، ص٢٢٢.

- نوسەری بە ناوبانگ(ول ديونرات): دەڵێت : ئایا بەسەرهاتی مەسیح ڕاستیەو هەبوە؟یان بەسەرهاتی دروست کراوی مەسیحیەت جێگای خەفەت وپەژارەییە بۆ مرۆڤایەتی وهەموو خەیاڵات وهیواکان لەسەر شتی بێ بنەما هەڵدەچنن . السحمراني: ١٩٩٠، ص٣.

- احمد شلبی دەڵێت: وە ئایا ئەگەر لەخاچدانی مەسیح ورِوداوەکە نەبوە بۆچی مەسیحیەکان ڕقیان لە یەهودیەکانەو بە تاوانبار لە قەڵەمیان دەدەن . شلبی: ١٩٨٩، ص١٦٥.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە قورئان ئەوە ڕەد دەکاتەوە کە عیسا لە خاچدرابێت وەک پێغەمبەرێکی خودا، ئەوەی کەخاچ پەرستان دەیڵێن کە عیسا لە خاچ درابێت شتێکی بێ بنەمایەو لەدروست کراوەکانی خۆیانە.و خودا وێنەی عیسای خستوەتە سەر کەسێکی ترو لەخاچدراوە

لەکۆتایدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-پێچەوانەییەکی زۆر لە ئینجیلەکاندا هەیە لە بارەی لەخاچدانی عیساوە لە سەر کاتەکەی و شوێنەکەی وئە و کە سەی دای بە دە ستە وە و بە خشیشەکەی.

٢- ئینجیلی بەرنابا لەزۆر ڕوداوەکاندا پێچەوانەی هەر چوار ئینجیلەکەی ترە.

٣- قورئانی پیرۆز زۆر بەئاشکراو ڕونی دەفە رموێت عیسا نەکوژراوەو لەخاچ نەدراوە، ئەوەی کەلە خاچدراوە کەسێکی تر بوەو شێوەی عیسای چوەتە سەر.

٤- ڕای لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە لە زانایانی موسڵمان و غەیر موسڵمان لەسەر ئەوەن کە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) لەخاچ نەدراوە ، وە زۆریشیان گومانیان هەیەو دڵنیانین کە عیسا لە خاچ درابێت.

٥-خودای گەورە لەم بەسەرهاتەدا بۆمان ڕون دەکاتەوە کە خودا تاك و تەنهایەو کەسی لێ نەبوەو کەسی لێ نابێت، وەکوڕی نیەو نەیناردوە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی سڕینەوەی گوناهی باوکە ئادەم.

٦- معجیزەیەکی پێغەمبەری ئیسلامە کە چۆن زانی عیسا (سەلامی خودای لێبێت)لەخاچ نەدراوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کە ئەم قورئانە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەلای خوداوە هاتوە، ئەو وتانەی ئەوان بەدرۆ دەخاتەوە، تە حە دایان دە کات.

٧- لەدایك بونی عیسا (سەلامی خودای لێبێت)بەبێ باوك موعجیزەیەکی خودایيە کە دەسەڵاتی خودای گەورە نیشان دەدات.

٨- هەمیشە زۆردارو دەسەڵات داران لەپێناو مانەوەی خۆیاندا هەموو جۆرە ڕێگایەکیان گرتوەتەبەر لە هەڕشەو بەلارێدا بردن و هەتا کوشتن و هەڵواسین.

٩- کێشەو کێشمەندکێش شتێکی سروشتیە لە نێوان مرۆڤەکاندا، ئەگەر چی ماوەیەك گومان وشێواندنیش دروست بکرێت، لەکۆتایدا هەر ڕاستی سەردەکەوێت بەسەر نا ڕاستیدا، هەر یەك ڕاستیش هەیە.

## سەرچاوەکان:


- القرآن الكريم.
- إبن كثير: عما دالدين أبي الفداء اسماعيل إبن كثير الدمشقي، ٢٠٠٢، قصص الأنبياء: ط١، دار الهيثم، القاهرة.
- إبن كثير: عما دالدين أبي الفداء اسماعيل إبن كثير الدمشقى، ١٩٩٩، تفسيرالقرآن العظيم: ط٢، دار الطيبة، بيروت.
- إبن حزم: ابن حزم الأندلسي الظاهري، ٢٠٠٥، الفصل في الملل والأهواء والنحلل،ط١، دار الهيثم، القاهرة.
- أبو الخير: حسن عبدالحفيظ أبو الخير: ٢٠١١، الموسوعة المفصلة: مكتبة التبيان، دار ابن الجوزي، ط١، القاهرة.
- أفندي: محمد توفيق أفندى، ٢٠١٠، نظرتي في قصة صلب المسيح وقيامته من الأموات، ط٢، القاهرة.
- الجهني: مانع بن حماد الجهني ، ٢٠٠٣، الموسوعة الميسرة في الأديان والاحزاب المعاصرة، ندوه الشباب، ط٥، رياض.
- الخطيب: محمد احمد، ٢٠٠٩، مقارنة الأديان، دار المسيرة، ط٢، أردن.
- الخولي: محمد علي الخولي، ١٩٩٠، حقيقة عيسى، ط١، أردن.
- الزين: محمد فاروق الزين، ٢٠٠٣، المسيحية والإسلام والاستشراق: ط٣، دمشق.
- السحمراني: اسعد السحمراني، ٢٠٠٩، ترجمان الأديان ، دار النفائس، ط١، بيروت.
- الشرفي: عبدالمجيد الشرفي، ١٩٨٦، الفكر الاسلامي في الرد على النصارى، دار التونسية،ط٢ ، تونس.
- الشرقاوي: جمال الدين الشرقاوي، ٢٠٠٦، ولكن شبة لهم، ط١، مكتبة النافذة.
- الشوكاني: محمد بن علي الشوكانى، ٢٠٠٧، فتح القدير، فتح القدير، دار المعرفة،ط٢، بيروت.
- الشيخ : أحمد الشيخ، ٢٠٠٦، رؤية في أصول المسيحية ، ط١، دمشق.
- الصلابي: علي محمدعلي الصلابي: ٢٠١٩، المسيح عيسى ابن مريم ، ط١، القاهرة.
- الطبري: محمد بن جرير الطبرى،٢٠٠٠، جامع البيان في تاويل القرآن، مؤسسة الرسالة،ط١ ، بيروت.
- القرطبي: ابو عبدالله محمد القرطبي، ١٩٦٤، دار الكتب المصرية،ط٢ ، القاهرة.
- الكتاب المقدس: ١٩٩١، نداء الرجال، شتوتغارت ، المانيا .
- النجار: عبدالوهاب النجار، ١٩٣٦، قصص الأنبياء، ط٢، مصر.
- حازم: عدنان أحمد حازم ، ٢٠١٥، جهود علماء المسلمين، ط١، بغداد.
- حماية: محمود علي، ٢٠٠٩، التجسيد والصلب بين الحقيقة والإفتراء، مكتبة الايمان،ط٢، القاهرة.
- خورەم دڵ: مستە فا، ٢٠١٥، تە فسیری شنهی ڕەحمەت، دارالنشر: إحسان، ط١، تاران.
- ديدات: أحمد ديدات، ١٩٨٩، الصلب وهم أم الحقيقة، ط١ ، دار المنار .
- رضا: محمد رشيد رضا، ١٩٩٩، عقيدة الصلب والفداء ، مطبعة المنار،ط٢ ،مصر.

- سعادة: خليل سعادة، ٢٠٠١، انجيل برنابا ، دار الفتح، ط٤، القاهرة.

- سعود: بن عبدالعزيزسعود : ٢٠٠٤ ،دراسات في الأديان اليهودية والنصرانية، مكتبة الاضواء،ط٢، رياض.

- سعيد: حبيب سعيد،١٩٩٠، أديان العالم ، دار للكنيسة الاسقفية،ط٢ ، القاهرة.

- شريف: محمود شريف، ١٩٨٠، الأديان في القرآن ، دار المعارف، ط٢، مصر.

- شلبي: احمد شلبي، ١٩٩٨، مقارنة الأديان: المسيحية: ط١٠، القاهرة.

- ضياء: محمد عبدالرحمن ضياء، ٢٠٠٣ ، دراسات في اليهودية والمسيحية وأديان الهند ، مكتبة الرشد، ط١، الرياض.

- عرفات: وفاء عرفات، ٢٠٠٤، المسيحية ، دار اليوسف،ط١ ، بيروت.

- عرموش: احمد راتب عرموش، ٢٠٠٧، موسوعة الأديان، دار النفائس،ط٤، بيروت.

-عزالدين: ابو محمد بن عبدالعزيز الدمشقي، ١٩٩٦، اختصار للتفسير الماوردي، ط١، بيروت.

- فائز : احمد فائز، ١٩٩٤، اليوم القرآن في ضلال القرآن، مؤسسة الرسالة،ط١٧ ، بيروت.

- قطب: سيدقطب ، ٢٠٠٧، في ظلال القرآن، دار الشروق،ط٢ ، بيروت.

- كاكه محمود: ئه حمد كاكه محمود، ٢٠٢٠ ، ته فسيري رامان، چاپي ٦ ، سليماني .

- مدرس: مه لا عبدالكريم مدرس، ٢٠١٠، خولاسه ى ته فسيري نامي، ط٢، سليماني.

- منقذ: بن محمود منقذ، ١٤٢٤هـ.، هل افتدينا على الصليب،ط٢، مكة المكرمة.

- ئينجيلي پيرۆز: ١٩٩٩، بەكوردي، ط٢، أمريكا .

-الماوردي: ابو حسن علي الماوردى، بدون سنة الطبع، دار الكتب العلمية،ط٢ ، بيروت.